# گۆرانییەکی شین

رەخنەی ئەدەبی

غەمگین بۆڵی

هەولێر ٢٠١٢

ناوی کتێب: گۆرانییەکی شین
نووسەر: غەمگین بۆڵی
بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
پیتچنین: نووسەر
نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک: هێمن خدر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانە: ڕۆژهەڵات- هەولێر

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان (٥٥٧) ساڵی ٢٠١٢ .

# پێرست


ژووری شاعیر و فره پەنجەرەیی شیعر................ 7
شیعرییەت و دووفاقیەتی خود........................ 25
دەسەڵاتی زمانی شاعیر لەئاوێتەبوونی شیعرییەتدا...... 33
ژنێک پڕ لەهەتاوی بوێری............................ 41
شیعر پێشەکی بۆ چییە؟............................ 57
سەختە لە فەزای ڕاڤەگەریی نەگەین ............... 63
نووسینەوەی وشە سوورەکان........................ 73
گۆرانییەکی شین.................................... 81
پرسیارە گومانگەرییەکان و گەڕان بەشوێن وەڵامەکاندا. 87
دزینی وێنەی شیعریی................................ 99
کە ژنە شاعیرێک دەکوژرێت،......................... 105
خوێنەر وەک بەشێکی پرۆسەی نووسین.............. 111
بەر لە مردن، قسەیەکی تر ....................... 119

## پێشکەشە بە:

* نووسەر و شاعیران (گۆران رەسووڵ) و (تەیب قادر) کە هاوکارم بوون بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.
* بەڕێز (هێمن خدر) کە ئەرکی نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی.

# ژووری شاعیر و فره پەنجەرەیی شیعر

ئەگەر هەموو شیعرێک دوو پێوانەی جیاوازی هەبێت، یاخود ئەم ژوورەی کە شاعیر بە توانستی خەیاڵاندنی سازی کردووە ،گوایە دوو پەنجەرەی ڕووانینی هەیە، دەشێت هەمان ئەو دەقەیەش دوو ڕاڤەگەریی جیاوازیشی هەبێت. یان ئەم ژوورەی کە شاعیر بەکەرستەکانی نووسین دروستی کردووە، دەلوێت دوو دەرگەی گشتگیری تێڕوانینی هەبێت. ئەمە وەک ئەو دیدگەیەی کە دەمێکە تەفسیری دەقی پێدەکرێت. لێ پێم وایە دەقی زیندوو دەشێت لە چەندین ڕوانگەوە تەفسیر بکرێت و هەمان ئەو ژوورەش چەندین پەنجەرەی ڕوانینی تێدا هەبێت. ئەوە کاری ڕەخنەگری جوانبینە پەی بەو نهێنی و بۆشاییانە ببات و وردتر ببێتەوە وبە وردبینییەوە میتۆلۆژیەتی فەزاکان و گومانگەریی دەقەکە هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتە ناویانەوە تاکو کۆدەکانیان بکاتەوە و ئەو دیوی دەقەکەش ڕاڤە بکات. واتە وەک چۆن زیوان لە ناو گەنمدا بژار

دەکرێت، ڕەخنەگریش دەبێت بە هەمان شێوە وشەی زیوان و زیوانی وشە و فەزای ناتەندروستی زیوان و زێدەگۆیی زیوان و تەکنیکی زیوان و سێبەری زیوان و لاسایی زیوان دەستنیشان بکات و هەڵیان بکێشێت. تەنیا گەنم بمێنێتەوە بۆ دروێنە ( بۆخوێندنەوە ) .ئەمە وەک لابردنی وشە زیوان ئاساکان. لێ کاری نیشاندانی هونەری بەرز و تەکنیکی جیاواز و خاسیەتەکانی تری دەقەکەشە. چۆن هەمیشە دەق زیاتر لەو تەفسیرە هەڵدەگرێت کە تەفسیری پێکراوە، یان تەفسیری پێدەکرێت. پرۆسەی نووسینی شیعر بەر لەوەی گەڕانەوە بێت بۆ مێژووی شوێن پێی یادەوەرییەکان، وەگرخستنی توانستی خەیاڵە بۆ هەڵزنان بەزراقی ئایندەوە، ئەوە بۆیە زۆرجار شاعیران پێشبینی شتێک دەکەن لە ئایندەی تەمەندا و کەچی پێشبینییەکانیان ڕاست دەردەچن. { ئەوکاتەی شاعیر دەنووسێت لە زەمانی خۆی دەردەچێت و دەچێتە ناو زەمانێکی تایبەتییەوە. ئەو کاتەی ئێمە دەخوێنینەوە لەزەمانی خۆمان دەردەچین ودەچینە ناو زەمانێکی تایبەتەوە }(1). شاعیر بەزمانێک دەنووسێت کە هەر دەڵێی تاوتوێی لەگەڵ غەیب پێ کردووە و هەموو دونیای

له نووکی پێنووسەکەیەوە کۆکردۆتەوە، کە ئەمەش لەسەر وەختی خوێندنەوەدا ڕەنگدانەوەی لای خوێنەر (کەسی وەرگر) دروست دەکات. شیعر هەڵڕژانی تاڤگەی جوانبینییە لە نەواری خەیاڵەکانی شاعیردا و بەڵگەیە بۆ بەهای دەستکەوتەکانی ئەزموونگەریی خودی ئەو شاعیرەش. پێویستە لە خاسیەتەکانی بایۆگرافیای شاعیر و چۆنیەتی دەرهاوێشتەی شیعرەکەش بکۆڵینەوە و پەنجەرەی ڕوانینێکی تر بە ڕووی ئەو باغەدا بکرێتەوە. چۆن ئەدەبی کوردی لە زۆر قۆناغدا خۆی کردۆتە قوربانی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و هەمیشە وەک ئاوێنەیەک بووە بۆ ڕەوشی شەقامی کوردیی. لە تەواوی هەلومەرجەکاندا ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی چەکی یەکەمین بووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەلومەرجی ڕەوشەکان. بۆیە تەواوی فەزاکانی ئەو جۆرە شیعرانەش دەلاقەی تاریک و پڕ ڕەمزی تێدانە و هەمیشە لەسەر وەختی خوێندنەوەدا بەجێ دەمێنن، لێرەدا دەپرسین بۆچی هەموو دەقێکی شیعری لەکاتی ڕاڤەگەرییدا لە هەر قۆناغێکی ژیانکردندا بووبێت ڕاڤەگەریی تر و تەفسیری تری لەدوا بەجێ دەمێنێت؟ ئەو تەفسر و ڕاڤگەرییانە چین

که لە پشتەوەی هەموو خوێندنەوەیەکی شیعردا بەجێ دەمێنین؟ ئایا هۆکاری بەجێمانی ئەو فەزایانە چین؟ ئایا تاوانی شاعیر چییە لە بەجێمانی تەفسیرەکانی تری دەقە شیعرییەکەی؟ خوێنەر (دەشێت لێرەدا خوێنەر بە لێکۆڵەرەوە پێناسە بکەین) چی بکات بۆ ئەوەی پەی بەتەواوی کردە فیکرییەکانی شیعرییەکە ببات؟ بۆچی فەزای پڕ ڕەهەندی فیکری هەمیشە لە شیعردا بە جێدەمێنێت ؟ شاعیران چی بکەن؟ خوێنەر چی بکات؟ ئایا خوێنەر چی لە شیعری ئەو شاعیرانە بکات کە خۆیان بێمانابیان دروستکردووە لە پێناوی دۆزینەوەی مانای جوایەز؟ ئەم پرسیارگەلانە و چەندین پرسیاری تری کەلە بازنەی ئەو بابەتەوە پیاسە دەکەن، تەنیا یەک وەڵامیان هەیە، ئەویش ئەوەیە: کە شیعر ژوورێکە پڕ لە پەنجەرەی ڕوانین و تێفکرینی جیاواز. ئێمە پرسیاری چۆنیەتی بە جێمانی ئەو ڕەهەندانەی شیعرییمان کرد، لێ پرسیارێکی تریش دێتە بەر باسەکەمانەوە و ناچاری نووسینمان دەکات، کە ئەوە کاری کێیە تەفسیرەکانی شیعر لە یەکتر نزیک بکاتەوە و پرێک بۆ ڕاقە جیاوازەکانی دروست بکات؟ بێگومان ئەرکی ڕەخنەگری جددی ناو ژووری پڕ

پەنجەرەکەکانە. نەوەک ڕەخنەگری دەرەوەی ژوورەکان. ئاخر ڕەخنەی ڕەخنەگرانی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی تاکو ئەندازەیەکی بەرچاو لە قوڕ و لیتەی شارچییەتی و حیزبچییەتی و دۆستچییەتیدا چەقیوە، نەدەتوانێت هەنگاوی بەردەوام و جددی بنێت، نە تازە بە تازەش دەتوانێت بەئاسانی خۆی لەو چەقینە ڕزگار بکات. ئەمە بۆتە کۆسپێکی ترسناک (زۆر و کەم) تەشەنەی ناو ناوەندەکانی ڕۆشنبیری کوردیمان بووە. ئەم کۆسپە هەمیشە لە هەوڵی لە ناوچوونی بەهای شیعری باڵدار و ناشیرینکردنی شاعیرە جواننووسەکاندابووە. لەم چەندساڵەی دواییشدا ئەم پەتایە کۆمەڵێک (شاعیر)ی کردە ناوی – ناوی بێ ناوک - ، کە ئەمڕۆ هێدی هێدی دەپووکێنەوە لەناو بێ مەعریفەتیانەوە و دەبنە بڵقی بچووکی سەر ئاوی دەریایەکی گەورە. ئاخر هەموو دونیا ناتوانێت (شاعیر)ێک بکاتە ناوی ڕاستەقینەی شیعر کە ڕۆحی جەوهەریەتی شاعیریەتی تێدا نەبێت، هەموو دونیاش ناتوانێت شاعیرییەتی لە شاعیرێک بشێوێنێت و بستێنێت کە خۆی شاعیرێکی جواننووسە و خودان جاویدانیبووی شیعرییەتە. هەموو شیعرێکی جوان هەمیشە لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا خۆی نوێدەکاتەوە

و هێزی زیندووبوونەوەی تێدایە، شیعری جوان شادەمارەکانی پڕن لە خوێنی جوانیناسی. سەیرە! ( شاعیر ) هەیە بە تەکلیفکردنی زۆر و دەعوەتکردنی نووسەران زۆرترین نرخاندن و لێدوان لەبارەی شیعرە بێ باڵەکانییەوە کراوە، کەچی شیعرەکانی لەچەند پارچە سێبەری شیعر شاعیرانی تردا نووسراون. وەک چۆن هیچ شیعرێک داخراو نییە کە خودی شاعیرەکە خۆی داخراو نەبێت، هیچ شیعرێکیش شیاوی بێدەنگی نییە کە شیعرەکە خۆی لە خۆیدا بەبێدەنگی و مردووی لە دایک نەبوو بێت، پێم وایە ئەگەر ئەمڕۆ شاعیرێک زۆرترین نرخاندن و قسە و باس لەسەر شیعرەکانی لەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوەوە لەسەرکرا، دەشێت بە دیدگەیەکی گومانگەرییەوە لەو دۆزە مەترسییە بڕوانین. ئەگەر شیعرێک بە بێ ڕاڤەگەریی و هەڵوەشاندنەوە و قسە لەسەرکردن ماوە، مانای ئەوە نییە ئەو شیعرە هێزی فڕینی نییە و خوێنی داهێنان و نوێگەریی لە دەمارەکانیدا هاتوچۆ ناکات. ئاخر زۆر شیعر هەیە لە ئەدەبیاتی کوردییدا هێشتان نەکراونەتەوە و بەداخراوی ماونەتەوە. شیعر هەیە ڕەخنەگر زەفەری پێنابات و ناوێرێت خۆی لە هەڵزنانی شیعرییەتی بدات. شیعر هەیە

به هەموو کلیلی خوێندنەوەیەک نابێتەوە و کلیلی خوێندنەوەی قووڵ و کلیلی دیدگەی جیاوازی گەرەکە. شیعر هەیە چەند دیوێکی تاریکە و تەنیا لە یەک دیودا خوێنراوەتەوە. شیعر هەیە فۆڕم و ناوەڕۆکی جیاوازە و دەقێکی نامۆیە، هەر بۆیەش درەنگ لەلایەن خوێنەران پەسند دەکرێت. بە واتایەکی تر هەموو دیاردە و کردەیەکی فیکری تازە زوو پێشوازی لێناکرێت لەلایەن کۆمەڵگەوە، تەنانەت کۆنە پەرستەکانیش دژی دەوەستنەوە. شیعر هەیە مردووە و مۆمیاکراوە بە وشەی قەبە و خەیاڵی بریقەدار. شیعر هەیە بۆ یەک ڕۆژ و یەک بۆنە نووسراوە و تەنیا ئەو کاتە باڵ لێکدەدا و کۆتری شیعرییەتی دەفڕێت. شیعر هەیە لەگەڵ یەکەمین کردنەوەی دەمرێت و باشترە نەکرێتەوە و نەمرێت. شیعر هەیە بەر لەبوونی مردووە، واتە هەر بە مردووی لەدایکبووە. شیعر هەیە پڕ پینەیە و لە سێبەری چەند دەقێکی تردا نووسراوە. شیعر هەیە چۆنیەتی داڕێژتنی وشەکانی لێچووی چەند شیعرێکی ترە. شیعر هەیە وێنە و باگراوندەکانی جێگەی گومانە. شیعر هەیە خەیاڵی چەند شیعرێکی تری دزیوە. شیعر هەیە گەندەڵە و

(شاعیر)ەکەش بەگەندەڵی بۆ گەندەڵبوونی شیعرییەت ماوەتەوە. کورتییەکەی شیعر هەیە و شیعرۆکەیە، شیعریش هەیە شیعرە.
زمان ڕۆڵێکی کارا و چالاک دەگێڕێت لە بنیاتنانی باڵەخانەی شیعرییەتدا، زۆرجار زمان وەک ئەندازیاری بناغەی بنیاتنانی باڵەخانەی شیعرییەتەکە دەبینرێت. زاڵبوونی زمانی شاعیریش بەسەر خەیاڵی و باگراوەندەکانی شیعرەکەدا باڵادەستی شاعیر دەردەخات. شاعیر هەرچەند کار لەزمانی خۆیدا بکات بۆ مەبەستی دەوڵەمەندکردن دوو هێندەی ماندووبوونەکەی جوانیناسی لەشیعرەکانیدا باغی پڕ لەگوڵی ئۆغژەنی بۆ بەجێدەهێڵت. بەجێمانی ئەو باغانەش ڕەنگداداتەوە لەسەر وەختی خوێندنەوەدا. ئاخر زمانی شیعر یەک باغی پڕ لەگوڵی ئۆغژەنی و چیمەنی وشە دروست ناکات، بەڵکو لە یەک پەنجەرەوە باغگەلێک دەبینرێت و لەیەک باغیشەوە ژوورێکی بڵندی پڕ پەنجەرە. دەلوێت زمان لەشیعردا وەک بەجێمانی ڕەهەندە فیکرییەکانی پشتەوەی خوێندنەوە تووشی دووفاقیەت دەبێت. { زمان سروشتێکی دوو لایەنەی هەیە. لەلایەکەوە هۆی پەیوەندییە، لە لایەکی تریش هۆیەکە بۆ دەربڕین.

ئەمە جگە لەوەی کەزمان هەم واقیع و هەم ڕەمزی واقیعیشە. جا لەبەر ئەم هۆیانە، زمان هەمیشە مایەی بایەخپێدانی شیعر بووە }(2). کەواتە ئەم دووفاقیەتی زمانەش کاریگەرییەکی بنچیینەیی دروستدەکات لە پرۆسەی شیعرییەت لەسەر وەختی ڕاڤەگەریی و خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی. چۆن زۆرجار ئەو وشەیەی کە لەدەربڕینێکی شیعردا بەکار هاتووە، جیاوازە لە دەربڕینی قسەی ئاسایی. ئاخر وشە لەشیعردا جێگەیەکی تری هەیە و هەمیشە لەمانادا لە جێگۆڕکێدایە، وشە لەقاڵب نادرێت تاکو واتای داتاشراوی بۆ دروستبکرێت، ئەوەش تاکو ئەندازەیەکی باش کۆمەکمان دەکات کە شیعر هەمیشە خوێندنەوەی جیاواز لەخۆیدا هەڵدەگرێت. وەک چۆن شیعر خوێندنەوەی جیاواز لەخۆیدا هەڵدەگرێت و خوێندنەوەی جوداوازتری لێ بەجێدەمێنێت، وەهاش خوێندنەوە، خوێندنەوەی جیاوازتری لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت. ئەگەر شیعر یەک ئاڕاستەی زمان و یەک خوێندنەوەی فەزاکان و یەک ڕەهەندی فیکری و یەک ڕاڤەگەریی تیۆری، هەم وشەی شیعرەکە لە قاڵبی کردەی فیکرییەتێکی بێ باڵ دراوە و هەمیش زمان نەیتوانیوە

بەسەر باگراوندە شیعرییەکان و تۆکمەکردنی فەزاکاندا زاڵ ببێت. ئاخر ئەگەر بڕیار بێت شیعر پێویستی بە خەیاڵ بێت، زمانیش پێویستی بە توند و تۆڵی و تۆکمەکردنە. بۆیە ڕەهەندی بەجێمانی خوێندنەوەی جیاوازتر لەشیعردا دەشێت لەم چەند خاڵانەدا کۆبکرێنەوە.

١- پرۆسەی خولْقاندنی شیعرەکە لە ڕووی دروستبوونیەوە، چۆنچۆنی بووە.

٢- جەوهەریەتی شیعر لەپرۆشەی شیعرییەتدا، بەواتایەکی تر جەوهەریەتی دروستبوونی شیعرەکە هەم لەلایەنی ڕەگەزە بنەرەتییە شاراوەکان و هەمیش لەلایەنی ڕەگەزە بنچینەیەکانی دەرووەوەی شیعرییەتدا.

٣-چۆنیەتی حاڵەتەکانی گواستنەوەی پاڵنەرەکانی ویژدان بۆ ناو پرۆسە شیعرییەکە. لێرەدا دەشێت هەڵوێستی مرۆڤبوون لەلایەن خودی شاعیرەوە دەورێکی باڵای دروست بکات و شیعر لە هەڵویست وەرگرتن نزیک بکاتەوە. کە زۆرجار پێ دەگوترێت هەڵوێستە شیعر.

٤- سروستی ناوەوە و دەرەوەی وێنەکانی پشتەوەی شیعر.

٥- سروستی ناوەوە و دەرەوەی وێنەکانی پێشەوەی شیعر .

٦-چۆنیەتی دروستکردن و دروستبوونی ڕەمز وچۆنیەتی بەکارهێنانەکەی. هەڵبەتە قۆناغیش کاریگەریی بەسەریەوە هەیە. بۆ پشت ڕاستترکردنی قسەکانمان، دەشێت ڕەمز لە شیعری کوردییدا وەر بگرین.

٧-دۆزینەوەی کلیلی دەروازەکانی دەقە شیعرییەکە و پەی بردن بەخوێندنەوەی ورد و تێفکرینی قووڵ لە نهێنی و فێڵ و کۆدەکانی شیعرەکە.

٨- رۆڵی مۆسیقای شیعر و خزمەتکردنی بەپرۆسەی شیعرییەتەوە. لێرەدا دەشێت بنووسین مۆسیقا لەنرخاندنی ئاڕاستەکانی خوێندنەوەدا کاریگەریی خۆی دروستبکات، بەسەر کردە فیکرییەکان. بە واتایەکی تر مۆسیقا زۆرجار لەناو پرۆسەی شیعرییەتدا دەبێتە پاڵنەری کردە فیکرییەکان.

٩- بەتەم ومژبوونی شیعر و ناڕوونی لەمانادا، ئەمەش لەسەروەختی خوێندنەوەدا، دەشێت خوێندنەوەی جوایەزی لێبکەوێتەوە.

١٠- هەوڵدان بۆ بێمانایی بوون زۆرجار چەمکی جیاواز و فرەمانایی لەپرۆسەی شیعردا دروست دەکات .

ئەم چەند خاڵەدا پێم وایە بەس بێت، هەرچەندە چەشنی پرۆسەی دەقە شیعرییەتەکە چەندین خاڵی ترمان لێ بەجێ دەمێنێت. لێ پێم وایە هەموو وشەیەکیش لەپرۆسەی شیعردا مانای جیاواز وەردەگرێت. بەواتایەکی تر هەموو وشەیەک لەسەر وەختی بەکار هێنان لەپرۆسەی شیعردا لەمانا ڕووتە باوەکەی خۆی دەردەچێت و مانا و مۆراڵ و تایبەتمەندییەتی خۆی وەردەگرێت. بەواتایەکی روونتر وشە لەسەروەختی بەکارهێناندا دەکەوێتە بەر تەوژمی عەقڵەوە. {هەموو وشەکان لەچوار چێوەی مانادا — وەک وشە — دەکەونە بەر (تەوژمی) بونیاتنانەوە. سیستێمی وشە بە هاوسانی و دژایەتیی (وشەکانەوە) دەکەونە بەر تەوژمی کاریگەریەتییەوە } (3).

بەرلەوەی پرۆسەی شیعر ئامانەتێکی ئەخلاقی بێت بۆ بەها مرۆڤایەتییەکانی ژیان، پرۆسەی جوانترکردنی ڕاستەقینەیە بە زنارەکانی ئایندەوە مرۆڤدۆستییەوە. ناشێت هەموو ئایندەیەکی گەش لە ڕابردوویەکی جوان بێتە دی. وەک چۆن ناشێت مێژووی کورد بەبێ چیا سەرکەشەکان بنووسرێتەوە. نووسینەوە و نرخاندنی هەر شاعیرێک دەشێت لە دەلاقەیەکەوە بێت و سەیر بکرێت. ئەلبێر کامۆ

بەدیدگایەکی پووچگەرییەوە سەیری ڕاستەقینەکانی گەردوون دەکات. کافکا لەسەر پەردەیەکی ڕەش ژیان نمایش دەکات. سادقی هیدایەت لەنێو ڕەشبینییەکی قووڵدا وێڵی پووچی و خۆکوژی بووە. لە بەشێکی شیعرەکانی هەندرێن فەلسەفەیەکی قووڵ ئامادەیی هەیە. عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵایش لەنێو ئاودا مەلە بە وشە و خەیاڵەکانی دەکات. شەونمی خەون لەسەفەرە شیعرییەکانی ئەحمەدی مەلادا دەتکێن. ژن هەمیشە لەحەوزی شیعری قوبادی جەلیل زادەدا مەلەی ئێرۆتیکا دەکات. تەیب قادر پیاسەکانی ژیان بەدەم بێتاقەتی مەرگەوە دەنووسێتەوە. ئاخر لە تایبەتمەندبوونی هەموو ئەوانەشەوە پووچییەکی تر لە کامۆ و پەردەی ڕەشتر لە کافکا و ڕەشبینی و خۆکوژیەکی تر لە سادقی هیدایەت و فەلسەفەی تر لە هەندرێن و ئاوێکی تر لە عەبدولموتەلیب و خەونێکی تر لە ئەحمەد و ژنێکی ئێرۆتیکایی تر لە قوباد و پیاسەیەکی تر لە تەیب دا بەجێ دەمێنن. ئەگەر بەرهەمی ئەدەبیات دەرهاوێشتەی فانتازیا بێت، هەرگیز ناشێت خۆی لە ڕاستەقینەکەی زەمەن بدزێتەوە، بەڵکو لەو زەمەنە دەردەچێت و زەمەنی تر دروست دەکات. هەر

چەندە دەرهاوێشتەی هزراندنی شاعیر بەمیتۆلۆژیەت بەبێ ڕاستنووسی خەیاڵ بوونێکی بێ بوونە و هیچ بەهایەکی ئێستاتیکای نییە . ئاخر{ ئێستاتیکا لە گشت ڕەهەندێکەوە بۆ تەلاری شیعر پێویستە، شیعر بەبێ بوونی ئێستاتیکا تەلارێکی ڕووت و دزێوە }(4). ئەوە هونەری ڕاستنووسی ئەو واقیعەیە کە تەمەن درێژیی بە شیعر دەدات و پەنجەرەی ڕوانینی تری بە ڕوودا دەکاتەوە. شیعر کە ڕۆحی هونەری ڕاستنووسی تێدا نەبوو، دەشێت چاوەڕێی مردنی بکەین و لەسەر وەختی خوێندنەوەشدا هیچ کردەیەکی فیکری لەدوا خۆیدا بەجێ نەهێڵێت. جوانیناسی شیعر بریتیی نییە لەیەک پەنجەرە، بەڵکو کۆمەڵێک پەنجەرەیە بە دیوارەکانی ژووری ڕاستنووسی ئەو واقیعەی کە خودی شاعیر تێدایە و لەو پەنجەرەوە دەیبینێت. شاعیر کە وشەکانی لەخەیاڵدا مووتوربە دەکات تەنیا خەیاڵ نانووسێتەوە، بۆ ئەوەی شیعرەکە ڕوانگەی جیاوازی هەبێت ئەو واقیعەش فەرامۆش ناکات کە لە پەنجەرەکەوە لێ دیارە و خودی خۆشی تێیدا دەژێت. {یەکێک لە مەرجەکانی جوانی و هونەری جوانیش ڕاستگۆییە. کاتێ ڕاستی لە بەرهەمی هونەری (ئەدەبی)دا نامێنێ، ئەوا

جوانیش بەجێی دەهێڵێ. مەبەستمان ڕاستیی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە هونەرمەند (شاعیر) بەهۆی زانیاری قووڵییەوە دەربارەی ژیان، بەهۆی بەهرەی هونەری و کارامەییەوە دەیخاتە بەر چاوان و پێشکەشی دەکا. لە ئەدەبدا گەلێ پاڵەوانی وەها هەن، کە فانتازیا و خەیاڵی نووسەرێک خوڵقاندوونی و کەسانێکی وا کوت ومت لە واقیعدا نین، بەڵام دەشێ کەسانی وا لەناوماندا هەبن}(5). شیعر لەدیدگەی هیگڵەوە هونەری سەر هەموو هونەرەکانە، لە هەموو ژانەرەکانی تری ئەدەبیش مانا بەخشترە لە ڕوانگەی کارتێکردن و کاریگەرییەوە. بۆیە کە لە چەندین ڕوانگەی پڕ مەعریفەوە شیعر ڕاڤە دەکەین و چەندین پەنجەرەی تری بە ڕووی باغەکانیدا دەکەینەوە، لێ دەبین هەمیشە شیعر قسەی تر و ڕوانینی جیاوازتر لەدوای خۆیدا بە جێ دەهێڵێت. ئاخر{شیعر گوشراوترین و چڕترین شێوەی ئەدەبە کە زۆرترین شت لە کەمترین وشەدا دەر دەبڕێت }.(6)

سەرچاوەکان:

(1)گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر. بەختیار عەلی، بەشی دووەم. کۆواری ڕامانی ژمارە 72ی حوزەیرانی 2002 لاپەڕە 14

(3)شیعر و فەلسەفە. نووسینی مەجید مەحموود موتەڵیب، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : فوئاد مەجید میسری ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی دووەم 2008 لاپەڕە 28

(3)تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی – نووسینی : پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر /ئامادەکردن و وەرگێڕانی : ئەنوەر قادر محەمەد. لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ،زنجیرە 54 سلێمانی 2010 لاپەڕە 145

(4)ئەدەب وەک بەشێک لەڕۆح – غەمگین بۆڵی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، زنجیرە 551 چاپی یەکەم 2011 هەولێر .لاپەڕە 102

(5)بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە سێ، لاپەڕە 22

(6)شیعر چییە ؟ لۆرانس پیرین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە : ئەبوبەکر خۆشناو. لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان / چاپی یەکەم 2008 . چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی .لاپەڕە 16

# شیعرییەت و دووفاقیەتی خود

وشە بەبێ بارگاوی بوونی خەیاڵ هیچ شتێک ناخاتە سەر شتێکیترەوە و بوونێکی ناساغ دروست دەکات، خەیاڵیش بەبێ زمان ناچێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە. تەواوی وشەکانی ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ئاراستەی دوو ڕووگە دەکرێن. هەر وشەیەکیش لەناو خۆیدا دەلالەت لە دوو هاو واتا دەکات. واتە رستە دوو هێزی بەهێزی هەیە کە لەناوخۆیدا کۆی کردوونەتەوە و هاوکات یەکسانن لە ڕووگەکانیانەوە. لێ لەدیدگەی خاسیەت و مۆڕاڵەوە جیاوازن. تەواوی کردە فیکرییەکانی ئەدەبیاتیش دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرن. ئەمە بۆ مەسەلەی سیاسەت و کولتوور و ئابووریش دەلوێت هەر هەمان ئاراستەی ڕاڤە فیکرەکانی وەرگرێت.

لیریس شاعیرێکی فەڕەنسی هاوچەرخە بوو، لای ئەو شیعر بەتەواوی لە ژیانی پراکتیکی خودی خۆیەوە دوورە. دیدگەی شیعری لای ئەو دەلالەتەکانی خەونن. ئەو

شاعیرەش وەک تەواوی شاعیرانی سوریالیستەکانی تر تووشی پەرتەوازەبوون بووە. هەموو شاعیرێکی پڕلە مەعریفە و لێوڕێژ لەڕاستگوتن لە دوو خودی جیاواز پێک دێت، دەشێت خودێکی راستەقینە و خودێکی وەهمی بێت. یاخود خودێکی تایبەتمەند لەناو خۆیدا و خودێکی گشتگیری گشتی هەبێت. ((زمانی شیعرییەت دووانە مانایە و هەریەک لە مانایەکیان یەکتری تەواو دەکەن، دووانە مانایەکان وێکڕا ناتەبان، لێ لەهەمان کاتدا لێکجوودابوونەتەوە))* شاعیران کە بەزمانی ناوەوەی دەقەکانیان لەناو دەقدا دەدوێن. واتە گوتنێک لەناو کایەکانی گوتندا. کە بریتین لە دوو زمانی جیا، وەک ئەوەی لەسەرەوە هەڵوەستەمان لەسەری کرد، کە زمانی سەرەوەی دەق و زمانی ناوەوەی دەق بریتین : لە زمانی بنەڕەتی شاعیر. لە زمانی ناوەوەدا وەردکردنەوەی دیمەنگەلەکان و تەفسیری رەونەقدارتری لێدێتە بوون. ئەم قوڵبوونەوەی زمانەش هەڵبەتە بە مۆنۆلۆجی وردبوونەوە و داڵقاندنی رۆح و بیرکردنەوەی بەرائەتئامێز و تەنانەت بیرکردنەوە نامۆیەکانیش دەچێتە پرۆسەی بوونگەریی و جۆرێک لە دوو ڕەگەزی خود دەخولقێنێت

.واتە {{لەبەر هەمی هەموو نووسەرە مەزنەکاندا ڕووخسارێک لە دوو ڕەگەزیانە هەیە. نەبەوە مانایەی کە دەقەکان ڕەگەزیان هەیە، لێ ئەو دەقانە بە جۆرە ڕاڤەیەک هەڵگری ڕووخساری سێکسگەرایی و ئیرۆتیکین و ئەو ڕووخسارانەش تیشکێکن کە تۆ بە چاوی سەری پەنجەکانتەوە هەستییان پێ دەکەیت.}}** ئەو شاعیرەی کە گەرەکیەتی خۆی لەنێو دەقەکانیدا بتوێنێتەوە بە هۆی زاڵبوون و چڕکردنەوەی زمان. هەروەک شاعیری گەورەی فەڕەنسی مالارمێ لای وایە: ((بەزمانی شیعر ڕستە دروست دەکەین، نەک بە ئەندێشە)). شاعیر سەرەتا بەهۆی زمانەوە ئاراستەکانی خەیاڵ ڕێک دەخا و دیارییان دەکات. بۆیە دەلوێت شاعیر لەناو زمان وخۆیدا بتوێتەوە ئەوسا بێت لە دەقەکانیدا خۆی بتوێنێتەوە. وەها شیاوترە بگەڕێتەوە بەراییەکان و لەخاڵی سفری پەیڤە سپییەکانی ئەزەلەوە دەستپێبکات، ئەو وێستگەیەی کەوا خودی شاعیرەکە قەناعەتی تایبەتی خۆی پێی هەیە. مەرجیش نییە هەموو دەقێک کۆتایی هەبێت، وەک چۆن هەموو وێستگەیەک کۆتایی نییە. واتا دەشێت لە دوا چرکەدا گۆڕانکاریی تێدا ڕوودات و پرسیار و بەدگومانی بەدوایی

خۆیدا بەجێ بهێڵێت. ئەو شاعیرگەلانەی کەوا لەخودی یەکەمەوە تاوتوێ لەگەڵ خودی دووەمدا دەکەن بێگومان دەقەکانیان لە ژێر تیشکێکی (شێدار)ی جوانکیلانە دەمێنێتەوە
(واتا هەر نووسراوێک هەڵقوڵاوی ناوەوەی خودی نووسەر بێت، زەحمەتە بەئاسانی بمرێت). شاعیری جواننووس و ڕاستەقینە بەعەشقێکی قوڵەوە دەنووسێت و لەگەڵ زادەی ناوەوەی خۆیدا ڕاستگۆیە، بۆ ئایندەی تەمەن دەنووسێت بەبێ بیرکردنەوە لە دەرئەنجامەکانی. نالوێت شاعیر لە قوڕ و لیتەی مێژوویەکی ڕەش و دۆڕاودا بچەقێت و بانگەشەی داهێنانی شیعریش بکات. بۆ باسی چۆنیەتی شیعرییەت و خودی شاعیر و گەڕان بەناو ناوەوەدا ناشێت باز بەسەر ئەم خاڵەشدا بدەین، کە هەردەقێک تەنیا جارێک لەناوەوەی شاعیر لەدایک دەبێت، پرۆسەکانی تری وەک (پێداچوونەوە و پاکنووسکردن و جوانکاری و...هتد )ئەمانە دەکەونە خودی دەرەوەی کردەی یەکەمی شاعیر. شاعیرگەلانی خاوەن دیدگەی جیاواز هەمیشە لەناوەوەو دەرەوەی خۆیاندا بەدوایی خودێکی تردا دەگەڕێن و هەمیشە خودی جیاوازتر لەخوێندنەوە و گەڕان دەدۆزینەوە

و لەپرۆسەی نووسنیشدا خودی جیاوازتر دەخوڵقێن. سارتەر لە کتێبی (ئەدەب چییە؟)دا ئاوڕ لەم ڕەهەندە دەداتەوە و دەنووسێت: ((پێشتر کەدەمگوت پێویستە ڕێگە چارەیەک هەڵبژێرین، وتەکەم ناتەواو بوو : ڕێگە چارە نابێ و ناکرێ هەڵبژێردرێت. ڕێگە چارە دەبێ دابهێنرێ، بخوڵقێنرێ. هەرکەس بەدۆزینەوەی ڕێگە چارەی خۆی، لەڕاستیدا خۆی دروست دەکات. مرۆڤ دەبێت هەموو رۆژیک خەریکی خۆ دروست کردن بێت)). واتە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی ڕێگەکانیان بگۆڕن دەبێت لەخۆیانەوە دەستپێبکەن و لەدەوروبەرییاندا ڕەنگ بداتەوە. ئاخر شاعیرمان هەیە لەخودێکی تر دەگەڕێ و خودی خۆشی ون دەکات. ئێمە مەبەستمان نییە شاعیر ببێتە بیرمەند و وەک فەیلەسوفێک بەناو تەواوی خودە جیاوازەکانی دونیادا گوزەربکات، لێ ناشێت لەخودی خۆیدا خودەکانی تر نەدۆزێتەوە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ نەداتەوە. هەڵبەتە خود هەیە نەخۆشە، نەخۆشی مەعریفەت و فیکری هەیە. ئێمە هەمووومان نەخۆشین و خەریکی نووسینەوەی ئەو نەخۆشییەی خودین. ئەمە لەوە جیاوازە خود هەیە فیکری نەخۆشە و مەعریفەتی ناساغە. بیرمەند و ڕەخنەگری

گەورەی مەجەری جۆرج لۆکاچ لای وایە: ((هیچ شاعیرێک ناتوانێ بیرمەندێکی باش بێ و هیچ بیرمەندێکیش ناتوانی شاعیرێکی باش بێت)). ئەوەی لەو وتەیەدا بەجێماوە ئەوەیە: شاعیر لەو دووفاقیەتی خودەدا تووشی بەیەککەوتنی کردە فیکرییەکان دەبێت و لەهەمان کاتیشدا ئاوی کانی بیرکردنەوەی ڕوونتر دەبێت .

هەموو جیهان ناتوانێت شاعیرییەتی لەخودی شاعیرێک بستێنێتەوە کە شاعیرێکی ڕاستەقینە، هەموو ڕەخنەگر و خەڵکی ئەمرۆی جیهانیش ناتوانن شاعیرێکی پڕ سێبەر بکەنە شاعیرێکی ڕاستەقینە کە خودی ئەو شاعیرە ئەوەی لەبار دانەبێت. زۆر شاعیرانیش هەبوونە لەو سەردەمەی کەتێیدا ژیاون و بەرهەمەکانی خۆیان تێدا بڵاوکردونەتەوە، لە زۆر روانگەوە پەراوێزخراون و وەک پێویست ئاوڕ لەبەرهەمەکانیان نەدراوەتەوە. شاعیریش هەیە بەدەیان نووسینی نەخۆشی لەسەر نووسراوە بەهۆی تەکلیفی زۆر و هونەری لەسەریەک نووسین و یەک دیدگەیی کۆیلایەتی و برادەرایەتی و لەسەر خۆنووسین بەناوی خوازراوەوە. ئاخر ئەوانە وەک دەبدەبەیەکی بچووک وان و هەوای زۆریان تێکراوە. ئەوەتە ژۆرژ لاتور کە نیگار کێشێکی

بلیمەتی فەڕەنسی سەردەمی شازدە و حەڤدە بوو، لەسەردەمی خۆی و ژیانیدا بە نەناسراوی ژیاوە، لەبەر کۆمەڵێک رەهەند و هۆکار. کەچی لەسەدەی بیستدا تابلۆکانی کەوتنە بەر ڕۆشنایی و دان بەبلیمەتی و لێهاتووی ئەو هونەرمەندە نیگارکێشە نرا. لێرەدا ئەوەی شیاوەی گوتنی نێو نووسینە ئەوەیە کە نموونەی پێچەوانەمان لەناو ئەدەبیاتی کوریيدا زۆرە. ئەویش بەهۆی هۆکاری سیاسەت و شارچییەتی و برادەرچییەتییەوە. کە هێشتان پەیان بە خودی خۆیان نەبردووە و بوونەتە ناوێکی قەبەی ناو بۆش

.

پەراوێزەکان:

*وەرگێڕانی ڕووخساری ئەوانیتر /ڕەخنەی ئەدەبی - نووسینی چەند نووسەرێک – وەرگێڕانی لە سوویدییەوە : هەندرێن /لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان – زنجیرە (200) چاپی یەکەم 2010 - لاپەڕە72

**بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە 185

# دەسەڵاتی زمانی شاعیر لە ئاوێتەبوونی شیعرییەتدا

شیعر گریمانەی دیوی شاراوەی زەمەنێکی ترە، دەشێت ڕووبدات و دەشێت ڕوونەدات لەم زەمەنە وەهمە میتۆلۆجیەتییەدا ، شیعر مومکین نییە هەمیشە داینەمۆی وەرچەرخانی کۆمەڵگە بێت، لێ ڕەنگە جموجۆڵێکی وەڕێنەئامێز بکات، شاعیربوون، بەر لە هەموو شتێک " واتە مرۆڤبوون " بەو واتایەی کە شاعیرگەلێک تەنیا لەکاتی شیعردا شاعیرن، شاعیری ڕاستەقینە هەمیشە شاعیرە، جیاوازتر تێ دەفیکرێت و دەنووسێت، جیاواز کۆلارەی ئایدیا گومانگەریی بەئاسمانی لیبرڵییەتدا هەڵدەدات، جیاواز دەژی و خۆی لە تەواوی ڕاستەقینە باوەکان ڕووت دەکاتەوە و خۆی ئامادە دەکات بۆ " خود "یێکی گومانگەریی، چۆن شاعیری بێ ئەم ئامازگەلەیە نەبوونی شیاوترە و چەشنی گوێزێکی کرۆک پووچگەرییە.

زمانی شاعیر ئاوێتەی ڕۆحی شاعیرە، تەنانەت باکگراوندە فرە ڕەهەندەکان و وێنە فرە ئیستاتیکییەکان لە خەونە فانتازیاکانی شاعیرەوە دێنە وجوود، وجوودێک کە زۆر جار بەرهەمێکی کاڵ و سادەی لێ دیەکەوێتەوە، دەرناچێت لەو یاسایەی کە زمان بەسەری چەسپاندووە، پێوەندی (زمانی شاعیر) و (پەیامی شیعر) پەیوەستبوونێکی ڕۆحییە، ئەوەتە ئەدۆنیس وەها بۆچوونی دەوروژێنێت: (زمانی ئاسایی، زمانی روون کردنەوەیە، لێ زمانی شیعر، زمانی ئاماژەیە، شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێت.) شاعیر تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت داهێنان بکات، کاتێ لەسەر ئایدیالیستییەکاندا، بەرامبەر لۆژیکی سانتمانتالیزمی جاویدانی وەستاو لەسەر پشتی نۆستالیژیای واقیعێکی تاڵ، " بەزمانی شیعر " واقیعێکی شیرین لە مەملەکەتی شیعرییەتدا بینا بکات. پێویستە شاعیرگەلی ئێمە بزانن زۆربەی دەقە ئەدەبییە باڵاکانی جیهان زادەی مەعریفەن و تاکو ئەو سنوورە دوورە پەراوێزی ئیلهامن. پاراوبوونی زمانی نووسین و ڕاخستنی بەرماڵی فانتازیا بەرەو ڕووگەی حەقیقەتێکی پڕ لە وەهم، حەتمەن رەهەندگەلێکی لیوڕێژ لە واقیعە تاڵەکانی خورافاتێکی شیرین دەسازێنێ، ئەم

سازاندنەش بەدەر نییە لە جیاوازی تیۆری میتافیزیقییەت و روحیەتی هیومانیزمی، نووسیار( شاعیر ) هەمیشە ئەوە هەڵدەبژێرێت، هەڵبژاردنی دژوار بە کۆمەڵێک بنیاتگەری فرە فۆرمالیست تێ دەپەڕێت و شەفەقی لیبرڵییەتی شەبەنگبوونی نووسین بەسەر کۆمەڵگەکەیدا پەخش دەکات، کۆمەڵگەش بەدەر نابێت لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی نێگەتیڤ و خێڵەکی، لێ تاکو ئەو ئەندازەیە دژ بەیەکبوون دروست دەکات، هێڵی ئاسۆییە ساختەکانی سنوور دەبەزێنێت. نەوەک چەشنی شاعیرێکی (کۆپیکراو) لە هەوڵی لەناوچوونی سەروەریەتی شیعر و فرە بەها پیرۆزەکانی شیعر بێت، چونکە دەسەڵاتی شیعر لە تەواوی دەسەڵاتەکانی تری دنیا سەربەسترە، مومکین نییە شاعیری جیاواز و سەراسیمای سەربەستبوون عەودالی دوڕیانی شەڕانگێزی و ساختەکاری بێت هەم بۆ خۆی و هەمیش بۆ خوێنەران. ئەی ئەوە نییە دەسەڵاتی شیعربوون سەربەست دەبێت لەبەردەم حوکمی " خودی یەکەم "ی شاعیر و تاکو سنووری تێکشکاندن، سەربەست دەبێت. بیر و بۆچوون و ستایل و...هتد ، ئەم خاڵانەشم پێ شیاوی وەشاندنی فرە ئاماژەگەلەکانی بۆ چوونە، کە خۆلادانە لە

ناوەندی دەسەڵاتەکانی ڕێبازیەتی شیعر و ڕیزمانی، بەواتای{ گەمەکردن بە وشە و بارگاویکردنی دیوی دووەمی پەیڤەکان و ڕەمزەکان } گەڕانەوەیە بۆ دەسەڵاتی ئەزموونگەریی هۆنیار و مێژووی ڕووداوەکان و فەزا فرە والاکانی دەقەکە. گەلێک جار ڕەهەندگەلێکی دژە بۆچوونەکان و ئارامگەی پەیڤە بارگاویکراوی ئایدیا گومانگەراییەکانی خۆی لە نێو مەلاش دەدەن، مومکینە لە دەسەڵاتی هۆنیار(شاعیر) دەچێتە دەر و هۆنیار دەبێتە خاڵی گومانگەریی و بەرهەمەکە خۆی ستایلی نادیاری خۆی و ڕێگاکانی لە دیدگە گەلێکی تر دەدۆزێتەوە، بەبێ ئەوەی هۆنیار حوکم بکات.

هەرچەندە زمانی شاعیر زمانی تاکێکە لە حەقیقەتدا ، لێ ئەو زمانە: زمانگەریشە و زۆر جار زمان بەرامبەر وروژاندن توانای نامێنێت و گوێ لە زمانی ناوەوە دەگرێت. پێم وایە کەسی شاعیر ڕێبەری کۆمەڵگەیە و پەیامێکی رۆحی خودایی هەڵگرتووە، بۆیە کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە نێوەندی تیۆرەکان، هەم جیاوازتر دەبن و هەمیش کۆمەڵگە بۆیان لە دەروازەیەکی تر ڕادەوەستێت. دەکرێت هەر شاعیرێکی راستەقینە بە پێغەمبەری ئەو رۆحییەتەی کە

هەیەتی و تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەی تێدا دەبینێتەوە، ناوزەند بکرێت. ئەی ئەوە چییە؟ کاتێک پێغەمبەری خوا دەیەوێت پەیامە ئاسمانیەکەی بە قوڕەیشگەل و پیاوانی نێرسالاری بگەیەنێت، لە وەڵامدا پیاوانی قوڕەیش پێغەمبەر بە شاعیر ناوزەند دەکەن، مومکین نییە پیاوانی قوڕەیش پەیان بەم میتۆلۆجە نەبردبێت، کە پێغەمبەر شاعیری خودایە، ئیتر ئەگەر شاعیر بەزمانی ساختە دەقە شیعرییەکانی خۆی ڕازاندەوە، لە ڕوانگەیەکەوە تیرۆریستی نووسینە و لە روانگەیەکی تریشەوە تیرۆرکاری بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستییە، جیا لەمانەش ئیرۆسی ئەدەبیەتی خۆی لە بەردەم تیۆرێک لە رەخنەکاری خاوەن جەبەڕووتی جوانکاری و جوانبینیدا، مەحکوم دەکات، چۆن پەیامی شیعرییەت ناشێت نیشاندانی دەمامکی جوانییەکان بێت، بەڵکو نیشاندانی خودی جوانییەکانە، ئاماژەیە بۆ دیوێکی تری شتەکان کە بەچاوی ئاسایی نابینرێت، بەڵکو ئەوە چاوی خەیاڵە پەی بەو جوانییانە دەبات، ئەگەر شیعر هەڵگری پەیامی مرۆڤدۆستی و ژین دۆستی بێت، شاعیریش زمانحاڵی نەتەوەکەیەتی، کەچی زۆرجار شاعیر هێندە خەستی

وردەکارەکانی تەکنیکی بیناکەی نووسین دەبێت و تاکو ئەندازەی بەزاندنی پەیوەستبوون بە کارەکانی، سنووری نەتەوەکەی دەبڕێت و پەی بە تەواوی دونیا دەبات، دەکرێت ئەوکاتە بڵێین " زمان حاڵی دونیا" بەو واتایەی هۆنیاری جاویدانی، هۆنیاری ژیانە، نەوەک تەنیا ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، ئەگەر زمانی نووسینی هەر شاعیرێک زمانی نەتەوەکەی بێت بەپلەی یەکەم،؟ ئەوا بێگومان بەپلەی دووەم شاعیر زمانی جیهانیشە، نابێت شاعیری جاویدانی بۆ رەهەندگەلێکی دەستنیشانکراو بنووسێت، ئەو شاعیرانەی کاتێ داوی کۆلارەی خەیاڵیان دەپسێت و بۆچوونەکانیان دەوەشێنن وەها کە [شیعر تەنیا بۆ دڵی خۆیان دەنووسن، ئەوانە شاعیرگەلی ساختەن و خاوەن چەکی نووسینێکی گوللە چرووکن].
پەیامی شیعری هیولی هەمیشە سەرقاڵی هەڵزنانە و ئایدیۆلۆجیایەک خەڵق دەکات،کە خودی شاعیر باڵاتر دەبێت، دەکرێت لەم دیدەنیگایەشەوە هەڵوەستەی بۆ بکەین کە خودی شاعیریش دەمرێت؟ رۆحییەتی بەرهەمهێنەرەکەی هەمیشە لە کەفوکوڵدا دەبێت. ئەی ئەوە هەر شیعر نییە تەمەن باڵایی شاعیر درێژتر دەکات،

لەبەرامبەر سیاسەتمەندێک، ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی سەرقاڵ بوونە بە خەیاڵ، مومکین نییە و نابێت ئەوەندە سەرقاڵی حەقیقەتی ژیان بێت، پرۆسەی نووسین، پرۆسەیەکی مەعریفییە و کێشانی باکگراوندی ئایدیاگەلێکە لەسەر نەواری جوانبینی و یادەوەری مەعریفیەت، لێ هۆنیاری خەڵکار هەمیشە سەرقاڵی پیلانی شەرانگێزییە، بۆ هۆنەری باڵا، هۆنیاری باڵاش ئەوەندەی خەریکی رۆنانی پرۆسەی زمانی شیاوە و سەرقاڵە بەگەمە زمانەوانییەکان، نیو بەقەد ئەوەسەرقاڵی خۆشنودییەکانی ژیانە، نە خەریکی پرۆسەی بەرژەوەندییەکانیەتی، هەمیشە قوربانی دەدات و نازانێت، ئاخر هەر نەزانین نییە وێستگەی یەکەمینی گومانە و دەووەمینی خۆخوێندنەوە و خوێندنەوەیە و سێیەمینی ئایدیای تەڕە و...هتد)، دوایەمینیش نادیارە بۆ گومان، گومانیش دوڕیانی حەقیقەتی وەهمەکانە، بۆیە شاعیری جاویدانی دەزانێت: ئەگەر بمانەوێت بژین، یان دەبێت ملکەچ بین، یانیش دەبێت بجەنگین، لێ جەنگی شاعیر، جەنگێکی سەختە، چۆن زۆربەی مرۆڤگەلی جیهان ژیان ناشاز و قێزەوەن دەکەن، نووسەرانی خەیاڵ خافڵاو بەپلەی یەکەم و سیاسەتمەدارانیش بەپلەی دوو. سەیر

نییە کە زۆر جار شاعیر لەم جەنگەدا دەدۆڕێت و دواجار خۆی دەکوژێت، ئەو هیچ جەنگێکی تری لەبەردەمدا نەماوە، جگە لەجەنگی خۆکوژی!

*سوودم لە کۆواری هاوبەشی ژمارە 18ی ئەیلولی 2008وەرگرتووە، گۆشەی وانێک، لەنووسینی :غەمگین بۆڵی.

* وشەی سانتمانتالیزم: بەواتای بەشداربوونی هەموو چین و توێژێک لەگەڵ کردەی فیکری و ئەدەبی دێت . وشەی فۆرمالیستیش ، مەبەست لەو کەسانەیە کە تەنیا گرینگی بە شێواز و فۆڕم دەدەن لە رووی واقیعەوە دوورن.

# ژنێک پڕ لەهەتاوی بوێری

**بۆئەوەی هەرچی هەت ونیتە**
**بەمن بچێ ...**
**دەئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە ." نیگار نادر "**

**دەستپێک وەک دەروازەی باسەکە :**

نووسینی ئەدەبیات گەڕانێکی گومانگەرییە بەدوای ڕێگە سانتمانتالیزمیەکانی بوون لەلایەن خودی نووسەرەوە. ئاخر نووسینی ئەدەبی ئەگەر جیاوازییەکی بنچینەیی تێدا نەبێت و پێکدادانی کردە فیکرییەکان دروست نەکات لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە لە قۆناغەکانی تری ژیاندا نووسراون و لەمێژووی ئەدەبیاتدا بوونیان هەیە، نەنووسینیان چەشنی نووسینیانە. تەنانەت کەرتە کەرپووچێک ناخەنە سەر باڵەخانەی ئەدەبیات. یەکێک لەخاسیەتەکانی دەقی

زیندووئەوەیە کە هێزی میتۆلۆژی رۆحی نووسیارەکەی تێدابێت و ئەو هێزە بەخانەکانی جەستەیدا هاتوچۆ بکات. شیعری جاویدانی و خودان نوێخواز، چەندە پێویستی بە بنەما بنچینەییەکانی جوانیناسی هەیە، بەقەت ئەوەش پێویستی بە هونەری جیاوازنووسین هەیە. ئاخر ئەو دەقانەی لەسێبەری دەقی تردا دەژین، چەشنی مریشکی کورکن لەسەر هێلکەی باڵندەی تر گڕکەوتوون. شاعیر هەیە لەسێبەری دەیان شاعیری تردایە و بەردەوام سێبەرەکانی بە ڕەنگی وشەی بریقەدار دەڕازێنێتەوە. لێرەدا پرسیارێکی پڕ لە گومانگەریی لەبەردەمان قیت دەبێتەوە :کە بۆچی ئەو جۆرە شاعیرانە لەبڕی ئەوەی ڕاڤەگەریی لەبارەی لایەنە کاریگەرییەکان و تێرکردنی سکی شیعرییان لەسەر خوانی دەقی شاعیرانی تر بکرێت، کەچی شیعرەکانیان لەژێر کاریگەریی سۆزداری هێندە گەورە دەکرێن، کە خوێنەری سادە لای وایە سەری داهێنانی لە هەور دەخشێت. ئەو فەزا ئاڵۆزەی ئەمرۆی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دروستی کردووە، دەنگەلێکی زۆری تێکەڵی یەکتری کردوون. ڕەخنەی ئەمرۆی ئەدەبی کوردی کاریگەریی ڕاستەوخۆشی کردۆتە سەر دەقی ژنە

شاعیرەکان، چونکە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەقی ژن لە ژێرکاریگەریی دەقی پیاودا بووە. تەنانەت ژنە شاعیری واهەبووە دەربڕینی پیاوانەی بەکار هێناوە و لە شیعرەکانیدا وەسفی زوڵفی خاوی کردووە. بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان لێرەدا ئێمە باسی ئەوە ناکەین کە جیاوازی لە نێوان دەقی پیاو و دەقی ژن چییە ؟ یاخود ئایا دەقێک هەیە بەناوی دەقی ژنانەوە ؟ دەق هەموو ڕەگەزەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا خۆی لەتەواوی ڕەگەزەکان ڕووت دەکاتەوە و ڕەگەزپەرستی قبووڵ نییە. لێ هەندێک دەربڕین لەدەقدا هەیە جیاوازی ڕەگەزەکان بە دیار دەخات. دیارە ڕەخنەش لەبارەی دەقی شاعیرە ژنەکان لەفیلتەری فیکر و مەعریفەتی ئەو خاڵانەی کە باسمان کردن سەرچاوەیان گرتووە. تەنانەت ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هیچ ڕۆڵێکی کارای نەبووە لە دروستکردنی دەنگی شاعیری ژن. زۆرجار کولتووری ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی گوشاری سیاسیی و گوشاری سۆزەوە هەمیشە لە هەوڵی پیرۆزکردندا بووە و دەنگگەلێکیشی فەرامۆش کردووە. نالوێت شاعیری بوێر سەرکێش نەبێت ودژی ئەو کولتوورە نەخۆشانە

نەوەستێتەوە و بەیەککەوتنی کولتوورەکان و فرەدەنگی لە شیعرەکانی دروست نەکات. نیگار نادر یەکێکە لەو ژنە شاعیرانەی کە لە هیچ ژن شاعیرێکی کوردی ناچێت و هیچ ژنە شاعیرێکی کوردیش لەو ناچێت. ئەمەش بۆ جیاوازیکردن بۆ شاعیرێک زۆرە .

**ناوەڕۆک :**

هونەری جیاواز نووسینی شیعر ئەوە نییە کە دەروازەی فەزاکانی شیعر دابخرێن و کۆدەکانی چەشنی مەتەڵی لێ بێت. زۆرجار بەهۆی ڕەچاوکردنی جیاوازییەوە جەڵەوی هونەری جوانیناسی دەق لەدەست دەدەین و شیعرییەت لەشیعردا دەخەینە بەردەم چاڵی مەرگەوە. واتە لەپێناوی هونەری جیاوازنووسینەوە رۆحیەتی جوانیناسی شیعرییەت دەکوژین. ئاخر هونەری ئەم جیاوازنووسینە داهێنان نییە، تەنانەت هەڵاتنە لەواقیعی شیعرییەت و شاردنەوەی ئەزموونی کەم مەعریفە و لاوازی کردە فیکرییەکانیشە. ئەنوەر مەسیفی ئەگەرچی پیاوی فۆرمە گرانەکانە و ستایلە باوەکانی شیعری کوردیشی ڕەتکردۆتەوە و خاوەن زمان و فۆڕم و دیدگە و ستایلی تایبەت بەخۆشی بووە، لێ لە

هەندێک دەقە شیعرییدا لەبەر هێزی فۆرمی جیاوازەوە شیعرییەتی شیعرەکانی بوونەتە قوربانی. ئەمە کەم تا زۆر لەبەشێک لە ئەزموونە شیعرییەکانی محەمەد ساڵح سۆزەنیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئاخر هونەری جیاواز نووسین تەنیا لادان نییە لە فۆرمی باو و تێکشکاندنی کێش و سەروا و وێنەی سواو. بەڵکو کارکردنیشە لە ناوەوەی شیعر و گەڕانێکی هەمیشەییە. کارکردنە لەفیکری شیعر و ڕەتکردنەوەی هەموو ڕێسا وکوت وکولتووری باو وستایلی دیاریکراوە .واتە لەبەر ڕەچاوکردنی هونەری جیاوازنووسینی شیعرەوە جوانبینی شیعرییەتیان لەشیعرەکانیاندا کوشتووە. شیعری زیندوو هەڵگری جۆرێک لە سەربەخۆییە. شیعر بەشێکی لەبیرەوەری شاعیرەوە ڕۆحی نۆستالیژیای پێدەبەخشرێت .

دیوانە شیعری ( بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بەمن بچێ دەئەمجارەش... )ی ژنە شاعیر(نیگار نادر)ە ، کە بریتییە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ڕۆژمێری ساڵی 2006ی شاعیر ،کە بیرەوەرییەکانی ساڵێکی تەواوی بەبێ پچڕان نووسیوەتەوە. ئەمە یەکەمین شاعیرە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا توانیبێتی بەو هەناسە درێژە بیرەوەریی ڕۆژانەکانی

ساڵێکی بەشیعر بە بێ پچڕان بنووسێتەوە. هەرچەندە (بارزان هەستیار)ی شاعیریش لەدیوانە شیعری (ساڵێک لە نیگەرانی)دا بەشێکی زۆری ڕۆژەکانی ساڵێکی نووسیوەتەوە. لێ لە زۆر ڕۆژی ئەو ساڵەدا پچڕاوە. نیگار نادر عەشق لە پەنجەکانیدا تکە دەکەن و خۆیان بە هێزی شیعر دەنووسنەوە، لێ جیاواز لەژنە شاعیرانی تر خۆی دەنووسێتەوە، وەک دەنگێکی بوێر و نوێخواز خۆی لە ژنە شاعیرەکان تر جیا دەکاتەوە. خۆشی لە سێبەری ئەدەبیاتی پیاودا ڕووت دەکاتەوە و هونەری شیعری بوێری ژنان بەرەو ئاقارێکی فراوان دەبات. ئەم شاعیرە هێندە بوێر و پڕ بەرائەت و پڕ جورئەتە لەگەڵ خودی ئەو عەشقە مەزنەی کە لەشیعرەکانیدا بوونیان هەیە، بەرائەتی چێژ (چێژی دەق) بەسەر تەواوی وشەکانیدا دەتکێن. پائۆلۆکۆیلیۆ باشی پێکاوە کاتێک نووسیویەتی: ((عەشق یاسایەکە لەناو خۆیدا تەواوی یاساکانی تر کورتدەکاتەوە.)) ئەم ژنە شاعیرەش تاکو تخووبی ڕووتبوونەوە عاشقی پیاوە .

**پیاوێکم هێناوەتە سەرکۆشم و**

**دەمەوێ بیخوێنمەوە و**

**پەڕ پەڕەی هەڵدەمەوە**
**ئەورۆ گەیشتوومەتە چل و یەکەمین لاپەڕە .**

ئەم ژنە شاعیرە بەوشەی سادە و خەیاڵی پڕ بەرائەت دنیایەکی جوانی دروست کردووە. واتە بەسادەترین کەرستەکانی نووسین و ستایلی دەربڕین کرۆکی ئیستاتیکای پێکاوە. بەبێ زۆری لە خۆکردن و پڤدانی وشەی قەبە، نیشتمانێکی گەورەی شیعری بۆ خۆی دروستکردووە. کە نیشتمانی بەزاندنی سنوورە سوورەکانی ژنبوون و بەرائەتی ئێرۆتیکا. پێم وانییە هیچ ژنە شاعیرێکی کوردی بەقەت ئەم ژنە شاعیرە توانیبێتی هێندە بەڕۆحی ژنانەوە داهێنان لە جورئەتی شیعر و بوێری لەدەربڕیندا کرد بێت. لەم ئەزموونە شیعرییەی شاعیردا بوێری و جورئەت لەو پەڕی فانتازیای جوانی و ترۆپکی ئیستاتیکادان .

**ئێستا کراسە گوڵ زەردەکەم بۆ کورت بووەتەوەو**
**هەتا سەرچۆکم دێت .ئەو**
**پیاوە چاوزەردەش تاخوار چۆکم .**

**دەستت بێنە لەسەر ناوكمی دانێ و داخوا**
**كوێ كۆتاییمە نەیبزێوی نەبۆخوارتر نەبۆ**
**سەرتر ها ،دەنا كۆترەكانم هەڵدەفڕن .**

سارتەر بەدیدگەیەكی ئیستاتیكیانە باس لەوە دەكات كە خودی شاعیر بۆئەوەی زیاتر بەناو خۆیدا ڕۆبچێت و كەسایەتییەكی بەرز و خۆراگیری هەبێت، پێویستە لەگەڵ خودی خۆی و تەواوی كولتووره باوەكاندا بجەنگێت. ئەم ژنە شاعیرەش نازانێت سنووری نووسین چییە ؟ نەریتە باوەكانی دەربڕینیش وەردەگێڕێت و لە ڕوانگەیەكی بەرزترەوە پێی شیعرگەریی دەڕوانێت. كە لە زۆر فەزای ناو شیعرەكاندا شاعیر دەبێتە كۆتر و لە هیچ قەفەزێكدا ئۆقرە ناگرێت و حەزی هەڵفڕینی نامرێت. شیعر چەشنی ئەو كۆترە دەبێت هەمیشە لە هەڵفڕیندا بێت و هەموو قەفەزەكان رەتبكاتەوە. شیعر ئەگەر نەفڕێت و تووانای تەی نەكردنی ئاسمانەكانی نەبێت، ناتوانێت جیاواز بژیت و قۆناغەكانیش ببڕێت. نیگار نادر لەم قۆناغەی شیعرییەیدا خۆی لەتەواوی ژنە شاعیرەكانی تر جیاكردۆتەوە، هەمیش بەباڵی بوێری لەهەموویان بەرزتر هەڵفڕیوە .

**گیانە ̈ با ̈شت فێر کردووە  ڕۆژێ دەجار**
**تەنورەکەم هەڵداتەوە و**
**کڵاوەکەم لەسەر بفڕێنێ .**

کەرستەی سەرەکی نووسینی شیعری جاویدانی هەڵزنانی وشەی جوانە بەباڵای فانتازیاوە. لەم شیعرانەی نیگار ناردیشدا حەزێکی گەورەی هەڵفڕین هەیە، بەباڵی کۆترەکانی بەرائەت هەڵدەفڕن. لەپشتی ئەم شیعرانەشەوە عەشقێکی گەورە بوونی هەیە، کە عەشقی پیاوە. شاعیر بە خەیاڵی هێندە ناسک شیعری نووسیوە، زێدەگۆیی نییە کە بڵێم : شیعری نیگار نادر لە پەڕی گوڵ و باڵی پەپوولە دەچێت. هەر بۆیە دەگەینە ئەو واقیعەی کە عەقڵی شاعیر بەتەنیا ناتوانێت شیعر درووست بکات، بەڵکو سەیری کردەکانی دەکات و دەبێتە سەرکاری کردەکە کاتێک کە شیعر دەنووسی. ئەگەر بچینە ناو ناخی ئەم کۆپلە شیعرەیە دەبینین هێزێکی گەورەیی ئێرۆتیکا هەیە. ئەم هێزی ئێرۆتیکایەش ئاوێتە بووە بە وردە کارییەکانی ڕۆژانە و نهێنییەکانی حاڵەتی ئێرۆتیکا .

**سەرم بخورێنە ئەورۆ**
**دێمە سەر زگت و ژیان لەخۆم**
**دادەماڵم .**
**ئەو ڕۆش هەتاو بەپەلە خۆی بە**
**ژوورەکەم داکرد .کەگەیشت بینی دیسان**
**لەپێش وی زەرد زەرد لەسەر لایەکی**
**ڕانم و سیسەمەکەم کەوتووی پێمدا هەڵدەکشێی .**

زمانی بوێری شاعیر لەترکاندنی نهێنییەکان ودەربڕین بوێرانە، خاڵی سەرەکی تەقینەوەی شیعرییەتی شیعری نیگار نادرە. بۆیە لەئەزموونی ئەو شاعیرەدا شیعر نووسین بەهرە نییە و بەس ، ئەگەر هەر بەهرەبایە ئەوا کانیاوی هیچ شاعیرێک وشکی نەدەکرد. ئەگەر عەقلیش داینەمۆی شیعر بێت، ئەوا جورئەت کردن و ستایلەکانی دەربڕین و تەکنیکەکانی نووسین فاکتەرێکی بنەڕەتین. هەموو مرۆڤێک لەناو خۆیدا بیرمەندێکە، لێ ئەنجامەکانی بیرکردنەوە فاکتەرێکی سەررێژن لەسەر چۆنیەتی کردارەکان. هێزی بیرکردنەوەش گەورەترین هێزە بۆ تەواوی پرۆسە ئەدەبییەکان. هەر بیرکردنەوەشە کە تەواوی دونیا بەڕێوە

دەبات. ئەدیسۆن لای وایە کە هیچ کارێکی بە نرخی بە شێوەیەکی ڕێکەوت ئەنجام نەداوە، هیچ یەکێ لە داهێنانەکانی لە ڕووی ڕێکەوتەوە نەبووە، بەڵکو ئەنجامی بەرهەمی کار وکۆششەکانی بوونە. واتە تەواوی کردەکان پێویستییان بە هەوڵی جددی هەیە. ئاخر کارکردن لە پرۆسەیەکی وەهادا زەخیرەیەکی لەبن نەهاتووی دەوێت و پێویستی بە هەوڵی زۆر جددی هەیە. بۆیە شیعری ئەم ژنە شاعیرەش بەخەیاڵێکی هێندە جوان و ناسک نووسراوە، کە لەسەر سینگی پیاودا خۆی لە ژیان دادەماڵێت و هەموو دونیا لەوێوە ڕا دەبینێت. واتە باوەشی پیاوە دەلاقەیەکە بۆ دونیابینی ئەم ژنە شاعیرە. لەم دەلاقەیەشدا جنێوی جوان بە دونیا دەدات، جنێوی رۆمانسی و لەززەت بە پیاو دەدات. ئەم گوڵە جنێوانە بەئاوی ئێرۆتیکا ئاو دراون .

**سەرلەمۆبایلەکەت دەردێنم و دەنووک**
**لە ڕۆحت دەدەم ئەوا چیت لەمن**
**کردووە ئەمشۆ وا ئەو ڕۆ**
**هەموو دونیام لێ دەبارێ**
**هەی سەگباب .**

**کراسێکم لەڕەنگی زەردەپەڕێ لەبەر کردووە**
**زمانم دەردێنمەو لەبەر ئاوێنە لێی**
**دەڕوانم**
**دەبینم پیاوێک هاتووەتە ناو زمانمەوە**
**بەتۆ دەچێ ئەتۆی دەزانم سەگباب .**

(هونەری جنێودان) لەم دیوانە شیعرییەدا لەترۆپکی جوانیدایە. بەکارهێنانی جنێو لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەگەرچی تازەنییە و شاعیران و نووسەران بەچەندین شێوەگەریی جیاواز کاریان لەسەر ئەم هونەرە کردووە، لێ پێم وایە تائێستایش (شێخ ڕەزا) لەترۆپکی ئەم هونەرەدایە. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەش پێم وایە هێشتا وەک پێویست گرینگی بەم هونەرە نەدراوە. نیگار نادر هونەری جێنودانی بە دیدگەیەکی ژنانە و هەستێکی مێینەی ڕۆمانسییانە بەکارهێناوە و دەست باڵایی خۆی نواندووە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا. وشەی (سەگباب) کە زۆرجار لەحاڵەتەکانی ترۆپکی خۆشنودی و لەززەتی ژن لەبەرامبەر پیاو بەکاری دەهێنێت، ئەم وشەیە لەم دیوانەیەدا هێندە بە زمانێکی مێینەی شیرین بەکارهێنراوە، خوێنەر

حەزناکات لەسەریاندا ئێستێک بکات و حەز دەکات لەهەموو شیعرێکدا لەبڕی کەسی مەبەست سەگباب بکرێت .

**ئەورۆ لەبن تۆڕا لەژیان دەڕوانم**
**ئەی ژیان لەبن**
**تۆڕا چەند گەرم و جوانە سەگباب .**

شیعری جوان بۆ ئەوە دەست پێناکات کە کۆتایی پێبێت، بەڵکو بۆ ئەوە دەست پێدەکات کە چەندین دەستپێکردنی تری لەدواوە بێت. هەمیشە خوێنەر ناچاری گەڕانەوە و هەڵوەستە لەسەرکردن بکات. شیعر: عەقڵ لێک هەڵدەوەشێنێتەوە و خۆی عەقڵێکی تری بە بەردەخات و عەقڵێکی تر لە پرۆسەی شیعرییەتدا دروست دەکات. واتە ڕەگێکی بنەڕەتی شیعرییەت بەندە بەچەمکی فەلسەفەوە، هەربۆیە رووخساری شیعر زۆرجار چەشنی وتەیەکی بەهادار خۆی دەنوێنێت. سەیرکردنی تەواوی ژیان لە گۆشەنیگای ئێرۆتیکاوە (لەدەلاقەی پیاوەوە) بۆ ژنێکی وەها عاشق ودڵگەرم چەندە جوان خۆی دەنوێنێت. ژیان بە

عەشقی گەورەوە جوانە. ئەو عەشقەی کە مەنزڵگەی نهێنییەکانی شاعیرە. لەم کۆپلە شیعرانەی نیگار نادردا هەست بەوە دەکەین کە شیعرەکانی ئەو ژنە عاشقە باولی نهێنییەکانیەتی و پۆرتریتی ئەوان ئەو ڕۆژانە کە خۆی تێدا نووسیوەتەوە .

**دەرئەنجام :**

شاعیرمان هەیە خاوەن یەک پەنجەرە و یەک دیدگە و یەک خودە، هەمیشە لەناوەوەی شیعرەکانیدا خوێنەر هەست بەجۆرێک لە وشک بوونی خەیاڵی دەکات. تەنانەت کاتێک بەناوساڵەوە دەچێت (تەمەنی گەورە دەبێت) نابێتە خاوەن دیدگەی تایبەت بەخۆی و جیهانبینی وێران دەبێت و توانای تەیکردن و فڕین و هەڵزنانی نامێنێ. نیگار نادر هەم بناغەی جیهانبینی شیعرییەتی لەشیعرەکانی خۆیدا بنیاتناوە، هەمیش ئەزموونی شیعری خۆی نوێکردەوە و شیعری ژنانی کوردیشی دەوڵەمەندتر کردوە. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە دەقی تازە و شاعیری نەوەی نوێ هەڵگری جۆرێک لە دوو خودییە و

خاوەن دیدگە و جیهانبینی خۆیەتی، چونکە لە دونیای ئەدەبیاتدا هیچ تەمەنێک پێوەر نییە بۆ چۆنیەتی دەق و مۆڕاڵی شیعرییەت. بەڵکو دەرئەنجامەکانی قوڵبوونەوە بەناوەوە و دەرەوەی خودی شاعیر و زاڵبوون بەسەر زمان و تۆکمەکردنی زیاتری مەودای جیهانبینی و گەڕانی هەمیشەیی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، بۆیە پێم وایە شیعر ئەگەر قسەبێت بەزمانی نووسین، قسەیەکە رۆحی هونەری کوتکراو و جۆشداره لەکایە پڕ مەعریفەکانی شاعیردا، کەدەکرا هەمان ئەو قسەیە نووسینێکی ڕووت بایە ورۆحی هونەری شیعرییەتییان تێدا نەبایە. شاعیر لەدیوارەکانی شیعرییەت و جوانیناسی بیرەوەرییەکانی بە قوڕی بوێری و ترۆپکی جورئەتکردن سواق داوە، لەئێوارەیەکی رۆمانیسیشدا بەعەتری عەشقی پیاویش ئاوڕشێنی کردوون. هەربۆیە وا لە خوێنەر دەکات هەمیشە بگەڕێتەوە سەری و لەگەڵیاندا بژیت. بێگومان ئەمەش یەکێکە لە بنەمای سەرکەوتووی شیعر. کە شیعر نابێت بەیەکجار خوێندنەوە بمرێت و جوانییەکانی خۆی لەدەست بدات .

ئەم ئەزموونەنوێیەی نیگار نادر پێم وایە لە داهاتوودا دەبێت بە ستایلێکی زیندووی شیعری ژنانی کوردی و ستایلێکی تایبەتیش بۆ خۆدی نیگار نادر .

**پەراوێز وسەرچاوە:**

*بۆ ئەوەی هەرچی هەتەونیتە بەمن بچێ دەئەمجارەش _شیعر (بیرەوەری) _ نیگار نادر/لەبڵاوکراوەکانی دەزگەی ئاراس _ژمارە :797چاپی یەکەم -2008

# شیعر پێشەکی بۆ چییە ؟

شیعر پێشەکی نووسینی قبووڵ نییە و هیچ پێشەکییەکیش خوێنەر لەشیعردا کۆناکاتەوە. شیعری زیندوو خۆی پێشەکییەک بۆ خۆی دادەنێت، خۆی دەروازەی خۆیەتی. لێ لەئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردییماندا پێشەکی نووسین بۆ دیوانە شیعرییەکان بۆتە مۆدەی بەشێک لە شاعیران، ئەم مۆدەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆرێک هانای ناو پەیداکردن و دووبارە خۆنوێکردنەوە بۆ (بەختیار عەلی) دەبەن. هونەری بەمۆدەبوونی پێشەکی نووسین بە پێنووسی بەختیار عەلی جیا لە دیوانە شیعرییەکان، بەشەکانی تری ئەدەبیاتیشی گرتووەتەوە، تەنانەت چۆتە نێو پرۆسەی وەرگێڕانیشەوە، ئەوەی لە سەیر و سەمەرەی ئەو بەزمەستانە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەختیار عەلی پێشەکی بۆ هەندێک کاری وەرگێڕانیش نووسیوە کەناوبراو هیچ لەبارەی ئەو زمانەوە نازانێت. لێرە بۆ ئەوەی قسەکەکانمان نەکەونە بازنەی گومانەوە ئاماژە بەکارێکی وەرگێڕانی

وەرگێڕی بەتوانا بەکرشوانی دەدەین کە ناوبراو ڕۆمانێکی ئورهان پاموکی لە تورکییەوە کردووە بەکوردی، کەچی بەختیار عەلی پێشەکی بۆ ئەوکارە وەرگێڕانەی بەکر شوانی نووسیوە. بەزمی ئەو بەزمەستانە ئەوەیە کە لەسەر ڕووپەڕی بەرگی کتێبەکان بە خەتێکی درشت دەنووسن { نووسینی پێشەکی / بەختیار عەلی} یان {بەختیار عەلی پێشەکی بۆ نووسیوە}، لەدواوەی بەرگەکەش چەند دەربڕینێکی ناوبراو دەردەهێنن. هەندێک وەها کۆترەباریکەی هزریان دەفڕێنن، هەرکە بەختیار عەلی پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکەی نووسی ئیدی ئەوە دەبێتە دەنگی شیعری ڕاستەقینەی نێو ئەدەبیاتی کوردی. لێرەدا ئێمە کێشەی ئەوەمان نییە کە بەختیار عەلی چییە و چۆن دەنووسێت؟ کێشەکە بەمۆدەبوونی دیاردەکەیە. جیا لەوە من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کەوا شیعر نووسینی پێشەکی پێویست نییە، شیعر هیچ پێشەکییەک لەخۆیدا قبووڵ ناکات. تەنانەت پێم وایە زۆرێک لە خوێنەران لەدەرئەنجامی سەرەتای خوێندنەوەی پێشەکییەکە بەهەمان ئەو ئاڕاستە فیکرییەدا دەڕۆن کە پێشەکی نووس لەسەروەختی خوێندنەوەکەی بۆ

شیعرەکاندا پێدا ڕۆیشتووە. یاخود خوێنەر بەهەمان ئاراستەی پێشەکییەکەدا دەچێتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەکە. بەواتایەکی ڕوونتر خوێنەر بە شوێن پێی هەنگاوەکانی پێشەکی نووسدا دەڕوات و کۆلانی شیعرەکان تەی دەکات. لێرەدا دەشێت بە قورمیش بوونی خوێنەر ناوزەندی بکەین ،چونکە بەشێکی زۆری خوێنەری کوردیی بەدوای ناوەوەیە نەوەک شیعر و کرۆکی دەق. لێ ئەوە بۆ شاعیرێک کە نزیکەی نیو سەدە ڕەشماڵی شیعرییەتی خۆی لە هەواری ئەدەب هەڵدا بێت کارەساتە بێت لە ڕێگەی دووبارە ناوپیداکردنەوە و نوێبوونەوەی ناوەکەی لەلایەن خوێنەری کوردییەوە داوا لەنووسەرێکی پڕ خوێنەرتر بکات پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکەی بنووسێت. ئاخر ئەم مۆدەیەی پێشەکی نووسینانە زیاتر لەبازنەی پیاهەڵگوتن و چەپڵەی نووسیندا دەخولێنەوە. هەرچەندە بەندە لەنووسینی پێشەکی کتێبی شیعریی (من و تۆ و عەشقی )ی شاعیری لاو ڕەشید بێ بەشدا تاکو ئەندازەیەکی بنەڕەتی شەختەی ئەو گۆمە بەستووەی شکاندووە، لەبڕی چەپڵەی نێو نووسین و پیاهەڵگوتنی هاوڕێیانە، لەچەند ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە چەند ڕوانینێکی

ڕەخنەیی لەبارەی شیعرەکانی ناوبراوەوە دەربڕیوە. لێ لەکتێبگەلێکی تردا گەلێک چەپڵەی نووسینم لە پێشەکی نووسین بۆ شیعریی چرووک لێداوە، بە وشەی بریقەدار سینگی لافی گەورەبوونم دەرپەڕاندووە. تەنیا دەزانم ئەوکاتانە هێندە دڵخۆش بووم بە پێشەکی نووسین بۆ کتێبی شیعریی ئەو شیعرنووسە لاوانە، تاکو ئەو ئەندازەیەی لافی خۆبەزلزانینم پێوەیان لێدەدا. من چەندە مەلە باسکەی بێئاگاییم لەنێو ئەو دەریایەدا بەهەڵە کردووە و خۆشم وەک ڕێنیشاندەریان نواندووە، لەکاتێکدا خۆم پێویستم بە ڕۆشنبوونی ڕێگەکانی نووسین هەبووە. بەشێک لەو کتێبە (شیعر)یانەی کەتاکو ئێستا بڵاوبوونەتەوە بریتینە لە: کتێبە شیعری (زمانی عەشق)ی کاروان عەلی و کتێبە شیعری (فرمێسکی ماڵئاوایی)ی ڕابەر فاریق و کتێبە شیعری ( وردە هەناسەکانی ڕۆح )ی پێشەوا هاشم و کتێبە شیعری (عەشقی تۆ بێ وێنەیە )ی نافیز عەزیز و کتێبە شیعری ( ناڵەی عەشقێکی شێت )ی هاوڕێ سەفین جەلال و کتێبە شیعری(بۆعاشق بووی ؟)ی ڕێبوار شێروانی و کتێبە شیعری ( من و تۆ وعەشق )ی ڕەشید بێ بەش و کتێبە شیعری ( بۆنی سووتان )ی بێگەر حوسێن. دیارە

بەشێکی تریش تاکو ئێستایش بڵاونەبوونەتەوە، لێرەوە ئومێد دەکەم هەر بڵاونەبنەوە، کەبڵاویش ببنەوە بەنووسینی پێشەکییەکەی منەوە بڵاونەبنەوە.
شیعر کە شیعر بوو خۆی بەباڵی شیعربوونی خۆیەوە دەفڕێنێت و ئاسمانەکانی دونیای خوێنەران تەی دەکات.
شیعریش کە شیعر نەبوو بە پێشەکی نووسین نە دەبێتە شیعر و نە باڵی فڕینیش دەگرێت. من سەرەتا داوای لێبووردن لە هەموو ئەوانە دەکەم کە پێشەکیم بۆ (شیعر)ەکانیان نووسیوە، لەکۆتاییشدا لە خودی خوێنەران .

# سەختە لە فەزای ڕاڤەگەریی نەگەین

لەم گاڤە هەستیارەوە، عومری پێنج مانگ زێتر بریندار دەکرێت و تێدەپەڕێت، ئۆباڵی ئەم هەموو غەدرە فەنابوونە بە ئەستۆی هەفتەنامەی ((پاڵە))*. سەیرە ئەمڕۆ سیاسەت ئەوەندەی ڕۆڵی لاستیکێکی پارە دەبینێت، مومکین نییە ئەوەندە ڕۆڵی ئەکتیڤ ببینێت لەکایە پڕ مەعریفەکان، بێ شک مرۆڤگەلێک تەنیا بۆ ئەوە باڵابوونە، کە دەوروبەرەکەیان بچووکە، یاخود بۆ سەرکوتکردنی هاودژەکانیانە، بۆیە هەر بڵاوکراوەیەک ماهیەتی نووسیارەکانی خۆی نەگرت، مومکینە سبەی کرمی گەندەڵی چاوی هەڵکوتێت. گەندەڵی لەسەرەتا منداڵێکی هەتیو و شەرمن بوو، لێ هەنووکە بەدفەڕترین منداڵی هەزاران باوکە!، لە گشت ڕەهەندە جیاوازەکانەوە. لەم نێوەندە، ڕۆحیەتی هیومانیزمیەت دەمرێت، ئەمڕۆ نووسبارگەلێکی ساختە و دیاریکراو بۆ کرۆکێکی پووچگەریی دەنووسن و ئەوەندەی ڕۆڵی کادیرێکی حیزبی

دەگێڕن، مومکین نییە نیو ئەوەندە هەوڵی نووسەربوونیان بدەن. چۆن نووسباری حیزبی هەمیشە مەرگی نووسینەکانی لە کفنی سیاسەتی حیزبەکەی دەنێت، لێ لە خاڵی سپێلنێزمیەتی بێئاگابووندا گیر دەخوات بەدەست نەزانین، ناشێت نەزانین لای نووسبارگەلی حیزبی ئەوەندەی ترسنۆکی و بێ متمانەی بێت، ئەوەندە گومان و پرسیارکردن بێت.
دەرپەڕاندنی بۆچوونی بێهۆش، بە تەریقبوونەوەی نووسەر کۆتایی دێت، بۆیە هەر بەو واتایە ناشێت {خۆم بخزێنمە، باڵای درەختە سەوزەکانی تەمەن}** شیاوی گوتن و نووسین بێـت، ئاخر {خزاندن} لە واتادا ڕۆڵی شۆڕبوونەوە دەبینێت، بە حوکمی هیچ یاسای نووسەر و ئایینی نووسینێک ڕۆڵی بەسەرکەوتن و هەڵزناندن نابێت، بۆیە نووسبار نیچرِالیزمیەتی بۆچوونەکانی بە ئایدیا لیستییەکاڵەکان بە جۆرێ شێواندووە، خوێنەر (کەسی وەرگر) فریو بدات، هەر بۆیە لە ڕاڤەگەری. (گەر دەتەوێ بۆنی پرچ و ئامێزی گەرم چێژ بکەی) خۆی لێ مەڵاش داوە و چەکی نووسینێکی دەست نەکەوتووە، کە شیاوی نووسین بێت. ناشێت بۆ ئەبەد وەها لە هزراندنی

کەوتبێتەوە کە (بۆنی پرچ و ئامێزی گەرم چێژ بکرێت) دیارە نووسبار پەی بە میتۆلۆژیەتی بێئاگابوونی بردووە، بۆیە خۆسپاردن بە دنیای بێدەنگی جوانترین پەیامی نووسباربووە. شاعیری ڕاستەقینە ، خاوەنی شیعری جاویدانییە و هەرگیز تیری بۆچوون و بەرسیڤە ڕەخنەییەکان وەها ناوەشێنێت: (ئازیزم پیاو عەیبە باسی خۆی بکات، بۆیە من باسی خۆم ناکەم)، ئەم ئاماژگەلەیە ئەوەندەی لە قسەی کاڵی پیاوێکی سەر شەقام دەچێت، مومکین نییە لە قسەی (شاعیرێک) بچێت، جیا لەوەش ناشێت ئایدیایەکی خۆت، بەمندا قاڵا کەیتەوە و بیکەی بە موڵکی من، ڕەخنەگرتن لە ڕەخنەوە دەبێت دەرهاویشتەی بەرسیڤ و بۆچوونە ڕەخنەییەکان بێت، نەوەک پەرتبوون بێت بەنێو نەوای تیۆرەکان، تاکو ئەو ئەندازەیەی کە خودی خۆت بۆ کۆنەکرێتەوە، ڕەخنەکاری ئەوەندەی بە دوای فەزا نادیارەکانی دەقەکەدا وێڵە، مومکین نییە ئەوەندە عەوداڵی پیاهەڵدان بێت، ئەوە کاری ڕەخنەگرانە بەنێو حیکمەتەکانی دەق و ئەو فەزایانەی کە نووسەر پەی پێ نەبردووە، یاخود ئەو فەزایانەی بە سەقەتی بنیاتنراون بەسەریان بکاتەوە. ڕەخنەباری ساختە ئەوەندەی خاوەن

بەرهەمەکەی گەرەکە، ناشێت بەرهەمەکەی گەرەک بێت، بۆیە دەشێت لە تەواوی راڤەکارییەکەمدا هەوڵی تەکنیککاری بینای شیعر و لیبرالییەتی رەخنەم دابێت، ناشێت (دڵشاد میراودەلی) ئەو بەرگەم پێبپۆشێت، کە بەرگی من نییە، لە پشتی نووسینەکە و ئەودیوی بۆچوونەکان و واتای فانتازیای وشەکان، بانگەشەم بۆ شیعری نوێ کردبێت، یاخود تیری ئاماژەیەکم ئاراستەی (یاساکانی شیعر) کردبێت، کەچی دڵشاد میراودەلی بەرسیڤی بە بۆچوونگەلێک رازاندۆتەوە بۆئەوەی ئیمان بە خوێنەر بهێنێت، کەچی من لەخەوی راڤەکارییەکانیشم، ئاماژەم پێ نەداوە، کەچی نووسبار بەپای پەتی بەتاریکستانی ئەو بۆچوونانەدا رادەکات و هاوار دەکات {مەرجەکانی شیعری نوێ زۆر و زەوەندن}، یاخود {یاسا و رێساکانی شیعر پێش بەند و پاش بەند...}، ئیشکالیەتی بەرسیڤەکەی نووسبار ئەوەیە، کە راڤەگەرییەکەی ئەوەندەی وێڵی فەزای بێئاگابوون و وێنەی شێواو و سەقەتی شیعرە، مومکین نییە تۆزقاڵێک شرۆڤەی شیعری نوێ و یاساکانی کردبێت. پێش ئەوەی پرۆسەی رەخنەکاری دیدگەیەکی رۆشنفیکری بێت، دیدگەیەکی

ئەخلاقیشە، نالوێت ڕەخنەکاری وەک کردەیەکی ئەدەبی زۆر جار نەکەوێتەوە، ئەوەش بێتوانایی ڕەخنەیار ناگەیەنێت، دەکرێت بێتوانایی نووسەری دەقەکە بگەیەنێت، ئەو ڕەخنەیارانەی بە ڕەخنەکانیان بتێک دەسازێنن و بۆ ئەبەدیەت دەیپەرستن، ئەوانە بەدوای رۆحیەتی لیبراڵیەت وێڵا نەبوونە، هەر لەم گاڤەی ژیانەوە بەیانی مەرگی نووسەربوونی خۆیان دەکەن، بۆیە نووسباری بەڕێزی {وەڵامێک بۆ نوسەری چەند تێکستە شیعرێک}، دەکرا زێتر هەڵوەستەی لەسەر راڤەکارییەکە کردبا و نۆستالیژیای لۆژێکە فرە ڕەهەندەکەی دەست نیشان کردبا، بۆ بەرسیڤەکەش شتێکی نووسیبا، کە شیاوی نووسین و بەمێژووبوونی نووسینەکەی بایە ، نەوەک بەم چەشنە شوناسی ڕق کاریگەریی بەسەر نەستی ورووژاندنی بەرسیڤەکەیی هەبێت و بنووسێت {پەرتووکەکەی من هەست و نەستی داگیر کردی، ئیرەییت پێ بردووە، تەنیا سەیرکەن (غەمگین) ئاو لەکانییەک دەخواتەوە و بەردیشی تێدەکات}، نووسبار دەکرا زێتر ڕاڤەی رەخنەکانمی شی کردبایەوە و شوناسی لۆژێکەکەی خۆشی بەیان کردبایە، نەوەک بە ڕازاندنەوەی رستەگەلێکی ڕەنگاو ڕەنگ و

بۆچوونی چەند نووسەرێک لە کرۆکی شرۆڤەکە و ئایدیالیستیەکانی پێداهەڵدان بەخۆی شتێکی مردوو دروست بکات، ناشێت ئەم تەرزە نووسینە، بارتەقای تۆزقاڵێک لەبەر چرای تیۆرێک لەبەر رەخنەدا نووسرابێت، جیا لەوەی کە نووسبار مەرگی بێئاگابوونی خۆی لە تیۆرەکانی ڕەخنە و ڕەخنەیاری هیومانیزمیەت ڕادەگەیەنێت، تەواوی ئەو نووسینانەی دەرهاوێشتەی ڕق و کینەن، لەبەر بێ مەعریفەتی دەمرن، دەشێت هەر بە مردوویش لەدایکبووبن، لە تەواوی نووسینەکەی نووسباردا، نووسبار لە بازنەیەکی گومانگەریی لە خودی خۆیی و خۆدەربازکردن لە هەقیقەتەکاندا دەخولێتەوە، کەچی لە دواماهیشدا دەکەوێتـەوە سەر هەمان خاڵی دەستپێکەوە، کە ئەمەش ئەو پەڕی پەتای نووسبار دەگەیەنێت. ناشێت لەو کانیەی تۆ پێت شیاوی ئاو خواردنەوەیە، من تفەرکی ئەو ئاوەکە بکەم، کە تۆش رەخنەت بەلاتەوە بەرد تێگرتن بێت، دەشێـت لای من گوڵا تێگرتن بێت. کە لە هزراندنی تۆدا وەها کەوتۆتەوە، کە دەقەگەلێکی من لە هەناوی دەقەکانی تۆدا لەدایک بوونە، ئەی بۆچی هەڵوەستەت لەسەر هەردووک دەقەکەدا نەدەکردوو خاڵە هاوبەشەکان

و کاریگەرییەکانت دەشت نیشان نەدەکرد، لات وایە لە تەواوی تیۆرەکانی ئەدەبدا، پرۆسەی نووسین قسە دەرپەڕاندن و دەرهاوێشتەی وڕێنەی شاعیریەتییە؟، بۆیە نووسبار ئەوەندەی لە هەوڵی دەرخستنی بە سوپەرمانبوونی شاعیریەتی خۆیدا وێڵ بووە، ناشێت کەمێک بەلای باگراوەندە میتۆلۆژیە ڕەخنەییەکاندا چووبێت.

سەیرترین ئیشکالیەتی دلشاد میراودەلی ئەوەیە کە شارەزای بنەماکانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی نییە و بە زمانێکی هەژار دەنووسێت، ناشێت نووسەری جاویدانی تەنیا لە دیدگەیەکی دیاریکراوەوە نووسەر بێت، شاعیربوونیش بە هەمان شێوە، شاعیری جاویدانی تەنیا ئەو کاتە شاعیر نییە، کە شیعر دەنوسێت، شاعیرۆکەی وەها هەیە کرداری ڕۆژانەی تۆزقاڵێک ناچێتەوە سەر ڕەچەلەکی شاعیربوون، لێ دەشێت لە هزراندنی تۆدا، ئەمە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ بکەویتەوە و لە هزراندنی خوێنەرێک بە نێگەتیڤ، بۆیە لە هزری تۆدا چەشنی بۆچوونێکی نووکتە ئاسا کەوتۆتەوە، کاتێک بەو پەڕی باڵایی خۆتەوە دەورووژێت بۆ نووسین و نووسیوتە {دەبوایە زادنەکەی قسە لەسەر "سەرکەوت رەسول" بکەیت}، دەشێت

شاعیرگەلێک لای تۆ شیاوی زادبوون و پیرۆزی بن، لێ لای من هیچ شاعیرێک شیاوی زادبوون نییە، پیرۆزیەتیش تەنیا بۆ خوداوەندەکانە، تەواوی کار و کردەکانی مرۆڤایەتیش شیاوی قسە لەسەرکردنن، چەمکی پیرۆزبوون بۆ مرۆگەلێک ئەو پەڕی نەزانین دەردەخات، دەشێت بۆ زاد بوونیش وەها زوو خۆمان نەدەینە دەست قەدەری پیرۆزی مرۆڤبوونەوە، بەڵکو لەبەردەم مرۆبوونماندا زاد بکەین و بزانین پیرۆز بوون چییە؟، یاخود پیرۆزبوون لە ئەدەبدا نوقمبوونی نووسەر دەگەیەنێت، لە دەریاچەی قەتیسدا ، مرۆ کاتێک پیرۆزە کاتێک کە بوونی نییە، کە بوونی لە ژیاندا هەبێت هیچ بەهایەکی نییە، شاعیرگەلێک هەن تەنیا لە بوارێک شیاوی وجوودن، تێکستی گۆرانی گوتنیش بەهەمان چەشن، لێ ڕاڤەگەرییەکەم بەدەرە لە ڕاڤەگەریی لەبارەی تێکستی گۆرانی گوتنەوە.

پەراوێز و سەرچاوە:

* هەفتەنامەی (پاڵە)- ژمارە (165)ی 5/18 ی 2008 لاپەرە 10

* هەفتەنامەی (پاڵە)- ژمارە (167)ی 7/1 ی 2008 لاپەرە 10

# نووسینەوەی وشە سوورەکان

نووسینەوەی ئەزموونی شیعری و یاداشتنامەی هەر شاعیرێک بەندە بەخودی شاعیرەکەوە، پێویستە خودی ئەو شاعیرە بەنێو کۆڵانەکانی یادەوەریی خۆیدا پیاسە بکات و لەپەنجەرەی ئایندەی تەمەنی لێیەوە بڕوانێت. شاعیری ڕاستەقینە بۆ نووسینەوەی ژیاننامە و ئەزموونی  شیعری خۆی پەنا بۆ شاعیری تر نابات! بەڵکو خۆی کە (پاڵەوان)ەکەیە دەبێتە کارەکتەری سەرەکی هۆنینەوە و بەبێ پەیوەستبوون بەلایەنێکیتر و زۆری لەخۆکردن ئەوەی پێی شیاوی نووسینە، دەینووسێت. ئەو شاعیرەی توانای نووسینەوەی ئەزموونی ژیانی خۆی نەبێت، جیا لەوەی لەگەڵا بوونگەرییەتی ناوەوە و بوونگەرییەتی دەرەوەی خۆشی ڕاستگۆ نییە. شاعیری ساختە خاوەن ڕۆژگارگەلێکی تایبەتمەندە و تەنیا لەو ڕۆژگارانەش بوونی هەیە کە بەهەر هۆکارگەلێکەوە بووبێت بۆتە خاوەنی ئەو جۆرە بوونە ساختەیە! شاعیر کاتێک بەستوونی فانتازیاکانی خۆیدا

هەڵدەزنێت بۆ ترۆپکی نووسین، دەبێت هەڵوەستە لەسەر چەمکی جواننووسی وحەقنووسی بکات، هەر دەبێت ئەمانەش ببنە هەوێنی هۆنینەوەی یاداشتەکانی عومری هەڵڕژاوی. لێ شاعیری ساختە بۆ ئەوەی لایەنە ناشازەکانی شیعر و لاوازی ئاستی رۆشنفیکری حەشار بدات، یانیش ئەو لایەنانەی کە وەک (بنووس) نەیتوانیوە لەنێو ڕاستەقینەکانی ژیاندا ئاوێتە بێت. بۆیە بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکەی چەشنی ئەو کچە ڕووخسار ناشازەی کە بەرلە پڕۆسەی هاوسەرگیریی  بە هەزار و یەک شێوەی مۆدێرن و بۆیەی بوکێنی دەیرازێننەوە بۆ ئەو ڕۆژەتایبەتییە. دەلوێت جوانییە ڕەهاکاتییەکانی لەدوایی ئەو رۆژەوە هێدی هێدی لەباربچێت، دەشێت وەهاش سەیری شیعری شاعیری ساختە بکەین. لێ دەبێت جیاوازی لە نێوان ستایلی نووسینی شاعیری ساختە و شاعیری ڕاستەقینەشدا بکەین، شاعیر ڕاستەقینە شێوازەکانی فۆڕم و ستایلی شیعرەکان ڕەت دەکاتەوە و بە شێوازێکی نوێی و ڕۆحێکی داهێنەرانە دەنووسێت. ئەوانەی سەرەتا شێوازی نووسینی شیعر دەست نیشان دەکەن، ئەوانە هەمیشە بەهەڵەدا دەچن!. شاعیری ساختە تەواو پێچەوانەیە و بۆ هەمیشەش

لە دام و دەزگاکانی حکوومەتیشدا پلە و پایەی بەرزترە، تاکو ڕادەیەکی بەرچاویش ژیانی خۆشنودی ترە. ئەوانەی جیاوازی لە نێوان. {شاعیری ساختە و مرۆڤی باش}دا دەکەن، دەبێت جیاوازی لەنێوان مرۆڤی باش و شاعیری خراپیشدا بکەن. ئەمڕۆ هەندێک تەنها لەبەر ئەوە گەورەن و گەورەبوونە، کە سیستەمی حکومڕانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە گەورەی کردوونە، یاخود ئەوانەی دەورووبەرییان سیستەمی ئەو سیاسەتە بە بچووکی کردوونەتەوە. شاعیری جواننووس ناچەمێتەوە و بچووکیش نابێت لەبەردەم هیچ بارودۆخێکی ژیاندا. لێ دووره پەرێزدەخرێت و درەنگتر بەدیار دەکەوێت. شاعیر هەیە دووره پەرێزە و تاکوئێستایش بەرهەمەکانی نەکەوتوونەتە بەر تیشکی توێژەرەوانی بواری ئەدەبیات. بەشێکی تری شاعیرانیش خۆیان بەتەنافی سیاسەتەوە هەڵواسیوە و لەم ڕۆژگارگەلەی تێیدا ژیاون میدیاکانی ئەو دەسەڵاتە کردوویانەتە سوپەرمانی شیعر. هەیانە بەپێنووسەکەی زووڕنا بۆ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لێدەدات لەبەرامبەریشدا موچە وەردەگرێت. جیا لەوانەش ئەو شاعیرانەی کە هەمیشە سەر ئێشەن بۆ سیستەمی حوکمڕانی وڵات و

دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی زۆریان شاعیری راستەقینەن ،ئاخر شاعیر راستەقینە خۆی ناکاتە کۆیلەی هیچ ئایدەلۆژیایەکەوە. ئەو شاعیرانەی کە هاوڕای بیر و ڕای سیاسەت و ئایدەلۆژیابوون ئەوانە هەمیشە (شاعیر)ی پێنووس چرووک بوونە و نەیانتوانیوە لەهەناوی ئەدەبیاتدا داهێنانی گەورە و رۆحی ڕاستەقینەی شیعرییەتیان بدۆزنەوە. ئەگەر بلویێت ئەوانە لەبارەی خۆیانەوە بنووسن، ئاخۆ دەبێت چی بنووسن ؟ ئایا چۆن باسی ئەزموونی شیعریان دەکەن ؟ ئاخۆدەبێت ئامرازەکانی شیعرییەتیان کامانە بن؟

شاعیری گەورە کە خۆی دەنووسێتەوە هەموو ئەو شتە هەستپێکراوانەش دەنووسێتەوە کە لەدەورووبەریدا بوونیان هەیە و هەستییان پێدەکات. ئەوە بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەمیشە سەردەمەکان تێدەپەڕێنن و زیاتر دەژین، ئاخر ئەوان لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە تەواوی ژیانی دەورووبەرییان لەرێگەی شیعرەوە نووسیوەتەوە. ئەوەتە ئەحمەدی خانی لە ڕێگەی داستانی (مەم و زین)ەوە ئەوەی لەناوەوەی خۆیدا مەبەستی بووە و ئەوەی لەدەرەوە ی خۆشیدا هەستی پێکردووە نووسیویەتی. هەر بۆیە

شاعیرانی کلاسیکی لە شیعرەکانیاندا خۆیان لەو زەمەنانەدا نووسیوەتەوە و رۆحی داهێنەرانە و ئیستاتیکایان وەبەرناوە کە بەرۆحێکی پڕ لە هەڵوێست تێیدا ژیاون. داهێنانە بەرزەکانی شاعیرێکی وەک نالی بەهیچ سەردەمێک ناچەمێتەوە و رۆژگارەکانی زەمەنی داهاتووش ناتوانن کاریگەریی لەسەر دروست بکەن. یاخود گەورە شاعیرێکی وەک (ستیگ داگەرمان) بۆیە لەکاتی خۆیدا باسی خوێنی دەکرد، چونکە لە ڕۆژگارەکانی ئەو زەمەنەدا تەواوی ئەوروپا خوێنی لێ دەڕژا و خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، هەربۆیەش وەهای نووسیوە:

**شەوت کە سوورە بەئاگر**

**خاکت کە سوورە بە خوێن.**

پێم وایە یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی ئەمڕۆ بریتییە لە هەڵویست و بوێری. شاعیرگەلێک هەڵوێستییان داتەپیوە و بەشێکی زۆریش پێنووسی بوێرییان کوڵبووە. هەشیانە تەنیا خۆی بەتەنافی مەسەلەکانەوە هەڵواسیوە {ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە شاعیران خوێنەرەکانیان هانبدەن بۆ ڕووخاندنی

حکوومەت، بەڵکو مەبەستمانە بڵێین بەلایەنی کەم هەڵوێستییان هەبێت و بەرچاو ڕوونی بدەنە خوێنەرانەوە، نەک هەر وەک تەماشاکار لەپەنجەرەی ژووری بەرژەوەندییەکانییەوە سەیری شەقامەکان بکات}. ڕۆماننووسێکی وەک دۆیستۆفسکی لە زۆرێکدا لە بارودۆخەکاندا بە بێ گوێدانە یاسای حیزبەکان و سیاسەتی حکوومەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەخنەی تووندی ئاڕاستەی کار بەدەستانی ڕووسیا و سیستەمی سیاسیی ئەورووپای ڕۆژئاوا کردووە، لە پێناو یەکریزی وڵات و خۆشگوزەرانی خەڵک. ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە شاعیرانی ئەمڕۆ کەم دەبینرێت. رەخنەگرمان  هەیە بەو پەڕی قووڵیی خۆیەوە لەبارەی میتۆدی ڕەخنەیی و زمان وکولتوور ودەیان چەمک و تەوەری تر دەنووسێت. لێ کە کار دەگاتە سنووری وشە سوورەکان سەری پێنووسەکەی شۆڕ دەکات و دەگەڕێتەوە هەمان ژووری بەرژەوەندییەکانی خۆی ولە پەنجەرەکەیەوە سەیری گۆڕەپانەکە دەکاتەوە. بۆچی دەبێت نەوەی نوێ قسە و بۆچوونی لە تەواوی پرسەکاندا هەبێت و لەکاتێکدا رەخنەگرە بە ئەزموونەکان و شاعیرە ناو قەبەکان هیچییان پێ نەبێت بۆ نووسین.!

ئێدیت سۆدێرگرانی شاعیری سویێدی کە لەتەواوی شیعرەکانیدا لە ژیان و ئەزموونی خۆی هەڵکۆڵیوەتەوە. بە تەنیا نەهاتووە باس لەخەمی خودی تاکەکەسی خۆی بکات. ئەو خۆی لەو رۆژگارانەی سویێددا دۆزیوەتەوە و لەگۆشەنیگای ئیستاتیکا ودەلاقەکانی جیهانبینییەوە سەیری دونیای خۆی و دونیای دەرەوەی خۆی کردووە لەشیعرەکانیدا ڕەنگییان داوەتەوە. من لێرەدا باسی تایبەتمەندییەتی نووسین ناکەم، کە کافکا لەنێو تەواوی نووسینەکانیدا پەردەیەکی ڕەش بوونی هەیە و تەواوی شتەکانی داپۆشیوە. من باسی پەردە ڕەشەکە ناکەم، بەڵکو دەمەوێت ئەوە بەیان بکەم، کە بۆچی ئەم پەردەیە ڕەشە و هۆکاری ئەودیوی رەشییەتییەکەش چییە؟

# گۆرانییەکی شین

ئەنوەر مەسیفی گۆرانییەکی بەزمانی تێکشاندنی زمانە باوەکانی نووسین و وەرگەڕاندنی وێنە سواوەکانی شیعری کوردی و تێکشکاندنی کردە فیکرییەکان و دووبارە دروستکردنەوەیان بەستایلی نائاسایی و فۆرمی نامۆ گوتووە، هەڵبەتە ئەمانە لە پرۆسەی نووسینی شاعیری فۆڕمە گرانەکان و شیعری نائاسایی دێنە بوون. کەشاعیر( ئەنوەر مەسیفی )یە، ئەم شاعیرە شێوازی ئیشکردنی نووسینی شیعری لەسەر ئەو مادە و کەرستە و ئامرازانەی کەوا لە دەوروبەرماندا بوونیان هەیە و بە دوورەپەرێزی هەستیان پێ دەکرێت، وەک {دەسکی خاکەناس، مووی ناو دیواران ، ساقۆ، پێڵاو و ...هتد}. واتە مەسیفی وەک وەستایەکی لێهاتوو بە بەرد و قور و دار و چەند شتێکی سادە توانیویەتی باڵەخانەیەک بۆخۆی دروست بکات، هێنانی کەرستەی لەو جۆرە بۆ نێو پرۆسەی نووسین و بەتایبەت پرۆسەی شیعرییەت، پێم وانییە کارێکی سادە و ئاسان

بێت، تاکو ئەندازەی سەختی، سەختە و سەختریش ئەوەیە شاعیر بتوانێت رۆحی شیعرییەت بخاتە جەستەیانەوە. مەسیفی باوەڕی بە فیکری سادە و شیعری ئاسایی و روون نەبووە، چونکە پێی وابووە فیکری سادە و شیعری روون و ئاسایی واقیعێکی سادە و خوێنەرێکی ئاسایی بەرهەم دەهێنێت. ئاخر ناشێت بەم شێوازەی نووسین و شیعرە نائاساییەکانی مەسیفی بچێتە خانەی بێماناییەوە. دەلوێت زۆرجار لە کردەی بێ مانایبوونیشدا کردەی جیاوازی مانادار‌بوونیان هەبێت و دەرفەتێک بمێنێتەوە بۆ بێ مانابیش، کە دواجار ئەمە قسە و بیروڕای تاکە کەسێکە وەک مەسیفی ددانی پیادەنێت و وەها تۆی بۆچوونەکانی بەسەر خاکی نووسینەوە دەوەشێنێت {من لۆخۆم کارەبام پێ لە ئەستێرە درەوشاوەترە}. نالوێت هیچ کردەیەکی فیکری بە بێ مانا بزانرێت، وەک چۆن لە ناو ناشیرینیشدا جوانی بوونی هەیە، لە ناو بێ مانایشدا مانای پەرش و بڵاو ئامادەیی هەیە. پێم وایە زۆرێک لەو هەڵوەستە ڕاڤەگەریانە و ڕەخنەییانەی لەبارەی شیعرەکانی مەسیفییەوە نووسراون زیاتر قسە دەرپەڕاندن و ئیشکردن بووە لە دەرەوەی بازنەی دەقەکانیەوە، ئاخر هیچ یەکێک (هەڵبەتە وەک

پێویست) نەهاتووە دەقە شیعرییەکانی مەسیفی هەڵبوەشێنێتەوە بەهێزی خوێندنەوە بیانکاتەوە و بچێتە ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانیەوە .
شاعیری جاویدانی دەبێت بە زمانی سواو بوێرێت و بەسەر وێنەکۆنەکانیشدا بازبازێن
بکات و بازبداتە ئەو دیویانەوە. ئەنوەر مەسیفی بۆیە بە جاویدانی دەمێنێتەوە، چونکە ئەگەر هەر هیچیشی نە کردبێت لاسایی هیچ شاعیرێکی نەکردۆتەوە و لە سێبەری هیچ شاعیرێکدا ئۆقرەی نەگرتووە. ئایینی ئەم شاعیرە تێکشکاندنی هونەری شیعرنووسین و زمانی باو بووە. رووگەی ئەم شاعیرە بە تەنیا شیعر بووە و بەس، ئەو شاعیرێک بووە چاخی سروشتی رەتکردۆتەوە وکاری لە چاخی کەونییەتدا کردووە. هەناری رەتکردۆتەوە لە پێناو تۆپێک، ئەستێرەی رەتکردۆتەوە بۆ گلۆپێک. گۆرانی شینی بۆ ئایندە گوتووە، ئەگەرچی ئێمەی میللەتی کورد قەدری زیندووەکانمان ناگرین و مردوو پەرستین ، لێ لەمەشیان پشکی شێر بەر مەسیفی نەکەوتووە، تەنانەت وەک پێویست نە ئاوڕ لە بەرهەمەکانی دراونەتەوە، نە بەرهەمەکانی چاپکراونەتەوە. مەسیفی شاعیرێکی سپی سپی

بووه و ڕەخنەگری ڕاستەقینەی خۆی بووه و بەدووره پەرێزی و نامۆیی ژیاوه لەنێو بەرهەمەکانیدا، ئەگەر مەسیفی نەشی توانیبێت داهێنانێکی گەوره له شیعری کوردیدا بکات، ئەوا توانیویەتی پێمان بڵێت: شیعر وەهاش دەنووسرێت. لێ زۆرجار شاعیری ناوبراو بەهۆی جوایەزنوسین و خۆلادان له قۆڕمی باو شیعرییەتی خۆی له شیعرەکانیدا کوشتووه، بۆیه پێم وایه مەسیفی وەک تەکنیک و فۆڕمی سواو بەرەو ئاسۆی جوان هەنگاوی ناوه، لێ وەک کارکردن لەناوەوەی شیعرییەتدا له ئاستی خۆلادان لەو فۆڕم و زمانی سواودا نییه، یاخود بینای شیعرەکانی بێ دەروازەن، ئەو دەروازانەی ئەگەریش هەبن داخراون! دەقی داخراوی بەو چەشنەش فەزا شاراوەکانیشی دەکوژێت و کۆدەکانی دەبنه وەڵامی مەتەڵ، ئاخر مەتەڵیش بەرشەقی بیرکردنەوەی تێدا دەمێنێتەوه، کەچی بەشێکی زۆر له دەقه شیعرییەکانی مەسیفی بەرشەقی بیرکردنەوەشیان تێدا نییه!، واته چەشنی مەتەڵێکه بەشێوەی ئەوەی مەتەڵبێژ ببێژێت: شتێکم پێیه چییه؟ پرۆسەی هەموو دەقێکی ئەدەبی(شیعر) بریتییه له بنووس (شاعیر)، نووسین (شیعر)، خوێندنەوه(خوێنەر). بۆیه

لەسەروەختی نووسینی شیعردا دەلویت شاعیر خوێنەر فرامۆش نەکات و پرۆسەکە بگەیەنێتە دوا قۆناغ، چۆن پرۆسەی شیعر بەبێ خوێنەر (واتە خوێندنەوە) تەواو نابێت، من هەرگیز لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا نیمە کە دەبێژن {ئێمە شیعر بۆ خودی خۆمان دەنووسین}. ئەگەر بشێت شاعیر تەنیا شیعر بۆ خۆی بنووسێت، کەواتە بۆچی شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە؟، بڕوا بەو شاعیرانەش ناکەم کە دەڵێن: {شیعر بۆ خوێنەر دەنووسین} شاعیری جواننووس لەسەروەختی نووسینی شیعردا مەستی خەیاڵەکانیەتی و چەشنی ئەسپێکی کێوییە و ئەستەمە لغاو بکرێت. شاعیری جواننووس لەسەروەختی نووسیندا پردێکی هێندە جوان لەنێوان خودی خۆی (شاعیر) و خوێنەردا دروستدەکات، کە هەموو کەسێک خۆی لە جوانی سەر پردەکەدا دەبینێتەوە، ناشێت شیعریش لە سادەیدا بمرێت!، ئاخر پێویستە زۆرجار شاعیری جاویدانی شیعری کرچ و کاڵیش بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و لەخەیاڵەکانیدا بە شێوەیەکی تر جوانتر دەیبڕێژتەوە.

# پرسیارە گومانگەرییەکان و گەڕان بەشوێن وەڵامەکاندا

**دەروازە:**

ڕەگێکی سەرەکی شیعری جاویدانی دەگەڕێتەوە بۆ بنەما میتۆلۆژییەکان و گوماگەریی میتۆلۆژییەکانی ژینبوون، هەرلەم دیدگەیەشەوەیە کە گومانگەریی میتۆلۆژییەکان لەناو پرۆسەی شیعرییەت پرسیارگەلی ئەزەلی و دوورگەی ئەفسانەیی دروست دەکەن، دیارە شاعیر ئەمانە وەک کۆڵەکەیەکی بەهێز و جێگیر بۆ بنیاتنای شیعر دروست دەکات و دەیەوێت لە تەواوی شتەکانی دەوروبەری زیاتر وردببێتەوە و گومانی زیاتریان لێ بکات ،بەیەککەوتنی گومانیش پرسیار دەورووژێنێت، وەک چۆن ڕەگێکی سەرەکی شیعرییەت بۆ بنەما میتۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە، وەهاش گومانەمیتۆلۆژییەکان ڕەگێکی قووڵایی واقیعدایە وبەردەوام ئەم ڕەگەی واقیعبوونە قووڵتر دەبێتەوە ، چۆن لە سادەترین ناساندنی میتۆلۆژیدا، میتۆلۆژی گەڕانە

بەدوای واقیع، شیعریش جۆرێکە لەجۆرەکانی گەڕان بەدوایی دیوە نادیارەکان و دیوەکانی جوانبینی، لەپەیوەندی نێوان هەردووک گەڕان و چەمکی گومانبردندا ، لە دەرئەنجامە گشتگیرییەکانی سەفەری ئەو گەڕانانەدا شتەکان گومانی زیاتریان دەخرێتە سەر، دواجار ئەم حاڵەتەی گومانبردنە خۆی لە خۆیدا پرسیار و گەڕانە بە دوای وەڵامە ونبووەکان .

**ناوەڕۆک:**

کتێبە شیعری (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) بە پێنووسی شاعیر (سەباح ڕەنجدەر)ە، کە لە حەوت دەقە شیعر پێکهاتووە، لە تێپەڕی ئەم دەروازەدا دەمەوێت لەبارەی پرسیارەکانی شاعیرەوە بدوێم و لەپاڵ گەمەی گومانەکانیدا ڕۆشنایی بخەمە سەر دیوەکانی تر وچەند لایەنێکی تری دەقە شیعرییەکان. لێ دەمەوێت سەرەتا لە مانشێتی کتێبەکەوە بخزێمە ناو پرۆسەی ڕاڤەکارییەکەم، ئەگەرچی پێم وایە هەڵبژاردنی ناونیشان هەم بۆ شیعر و هەمیش بۆ کتێب پرۆسەیەکی زەحمەتە، ئاخر زۆرجار ناونیشان کلیلی دەروازەی چوونە ژوورە، ئەگەرچی ئەمڕۆ

زۆرێک ناونیشانی زەق و بریقەدار دەکەنە مانشێتی بەرهەمەکانیان بۆ چەواشەکاری خوێنەران، لێ ناونیشانی مردوویەک ئاگای لە هەمووانە، ناونیشانێکە پڕ بە ناوەڕۆکی کتێبەکەوەیە، ئاخر زۆرجار ناونیشان هیچ کۆنتاکێکی بە ناوەڕۆکەوەنییە و لە هیچ لایەنێکەوە کۆنابنەوە، واتە ناونیشانەکە وەک چەکێکی بەکارهاتوو، بەکارهێنراوە. ئەگەرچی ناونیشانی ئەم کتێبە (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) ناونیشانی هیچ کام لەم حەوت دەقە شیعرییەی ناوی نییە، بەڵکو دێرە شیعرێکە لەنێو شیعرەکانی ناویدا، ئەگەر بپرسین ناونیشانی مردوویەک ئاگای لە هەمووانە بۆ؟ ئەمە تەنیا بە خوێندنەوەی قووڵ دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییە و پەی بەوە بەرین کە شاعیر تاچەند سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکە .

لەدەستپێکی کتێبەکەدا سەباح ڕەنجدەر لەبارەی بە توانا کردنی شیعر و کەڵەکەبوونی ئەزموون و زمانی شیعر و چالاککردنی هەستەکان و پرۆسەی شیعرییەت و چەند ڕەهەندێکی تری تایبەت بە شیعر دەدوێت، لە پێشەکییەکەی (شیعر و چالاککردنی هەستەکان) دا، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە گوزارشت لە شیعرەکانی ناویدا بکات،

زیاتر وەک وتارێکی ئەدەبی شاعیر چەند ڕوانینێکی تایبەتی لەبارەی پرۆسەی شیعر و ئەزموونی شیعرییەت خستۆتەڕوو، هەرچەندە من لەگەڵ پێشەکی نووسینی شیعردا نیمە، ئاخر زۆرجار خوێنەری سادە و بەشێکی زۆری خوێنەری ناوەندیش بەهەمان ئەو تەفسیرە ی کەوا لە پێشەکیەکەدا بۆی کراوە، خوێندنەوە و ڕوانینی بۆ شیعرەکانی دەبێت، واتە بەهەمان ئەو دیدگەیەوە دەخزێتە ناو فەزای دەقە شیعرییەکان، کە دەشێت ئەمجۆرە خوێنەرانە بەو شێوەیە قورمیش بکرێن، هەرچەندە ئەم ڕاگەلەی کەوا لە پێشەکیەکەدا شاعیر خستوویەتییە ڕوو گشتگیرە و بارگاوی کراوە ئەئەزموونی خۆی و شێوازی خۆیەوە، لێ ناشێت وتارێکی وەها لە جیاتی پێشەکی لە کتێبە شیعرێکی وەهادا کۆبکرێنەوە، چۆن من پێم وانییە هیچ پیوەندییەکی بنەڕەتی و بنچینەیی تایبەت بە دەقە شیعریەکان لێکیان کۆبکاتەوە، خاڵێکی تر لە وتارەیدا (بۆیە نووسیم وتار، چونکە من وەک پێشەکی ئەو دەقە شیعرییانە نایبینم) ئەوەیە، سەباح ڕەنجدەر لە دەربڕینێکدا تووشی دووفاقیەتی گومانبردن و هەڵخزانی قسەکردن دەبێت و لە نێو پێکهاتەیەکی هاوبەش و بنەڕەتدا خۆی

جیادەکاتەوە، کە دواجار ئەم جیابوونەوەیە هەر لەهەمان وەرچەرخانە فیکرییەکاندا دەیهێڵێتەوە،  کاتێک ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: (شیعردەربڕینی گیانی سەردەمە ، من خۆم ئەم بۆچوونە جیادەکەمەوە و ڕایدەگەیەنم شیعر دەربڕی هێز وگیانی سەردەم نییە، چونکە پێکهێنەری هێز و گیانی سەردەم کۆیە و شیعریش هێز و گیانی تاکی جوانیبەخشە)، لێرەدا شاعیر ئەم لایەنانە فەرامۆش دەکات کە ڕاستە شیعر دەربڕی هێز و گیانی تاکە کەسە، لێ هێزوپێکهێنەری سەردەمیشە، ئاخر شاعیری جواننووس و خاوەن بەرهەمی جاویدانی لە گۆشەنیگا تاکەکەسییەکەیەوە سەیری تەواو دونیا دەکات، لە بچووکترین خەمی خۆیەوە گەورەترین خەمی کۆمەڵگەکەی دەنووسێتەوە، کەوابێت شاعیر لێرەدا بۆچوونەکەی بەئاڕاستەیەکی خراپدا بردووە، تەنانەت ڕەتکردنەوەی بۆچوونی گشتگیری سەردەم، بە ڕەتکردنەوەی بۆچوونە تاکە کەسییەکەی کەوتۆتەوە ،بۆ جوانترکردنی دووفاقیەتی ئەم خاسیەت و فیکرییە میتۆلۆژییەکان پێویستمان بە پردی بە یەکگەیشتن هەیە، کەنییە! کە کاری ئەم پردە دەربڕینە تاکە کەسییەکەی

ڕەنجدەر، بە دەربڕینە گشتگیریەکەی سەردەم دەبەستێتەوە .

وەک ئاماژەمان پێدا گەڕانی شاعیر بەشوێن پرسیارە ونبووەکانی و بارگۆڕانە میتۆلۆژییەکان و چەمکی گومانگەریی لە فەزای دەقە شیعرییەکاندا بوونیان هەیە، کە زۆرجار بوونی ئەم حاڵەتانە ڕەنگەکانی شیعرەکە تۆختر دەکات و هەناسەی فەزاکانیش درێژتر دەکات، بێگومان چەمکی گومانگەریی پەیوەندییەکی ریشەیی لەنێوان مردن و ژیاندا هەیە، لێرەدا شاعیریش بەهەمان ئەم گومانەوە ئاماژە بەم لایەنەدەکات و دەڵێت: ((ژیان و مردن / بردنەوە و دۆڕان نین)) .

پەیوەندی نێوان ژیان و مردن پڕە لە گومان و پرسیار و گەڕان بەشوێن وەڵامەکاندا، هەربۆیە شاعیریش ژیان و مردن بە بردنەوە و دۆڕان دانانێت و ئەمانە ڕەتدەکاتەوە، ئاخر ناشێت نێوان ژیان و مردن بریتیی بێت لە بردنەوە و دۆڕان، لەنێوان ژیان و مردندا گەڕانی هەمیشەیی هەیە، مادامەکێ گەڕان بوونی هەبێت، دیسان هەست بە گومانبردنی شاعیر دەکرێتەوە و شاعیر بە گومانەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەرکی شاعیربوون و دەڵێت:

((پەپوولەیەک لەسەر شانی پێغەمبەرەوە/ فرییە سەرشانی من)). لێرەدا پێویستە بپرسین : بۆچی بەس پەپوولەی سەرشانی پێغەمبەر؟ ئاخۆ پەپوولەی سەرشانی کام پێغەمبەرە؟ بۆچی هەڵبفرێتە سەرشانی شاعیر؟ ئایا حیکمەت لەم هەڵفرینەدا چییە؟ ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیارگەلی تر لەبەردەممان قیت دەبنەوە، دیارە مەبەستی شاعیر، پەیامی شاعیربوونە، کە شاعیر لەم ڕەهەندەوە هەمان خاسیەت و ئەرکی پێغەمبەرانەی لەسەر شانە، دەشێت شاعیری جواننووس جێگرەوەی پێغەمبەر بێت، ئاخر پێغەمبەر پەیامی خودایی لەسەر شانە، شاعیریش پەیامی مرۆڤایەتی، بۆیە هەمیشە ئەرکی شاعیری جواننووس هەرچەند پیرۆز بێت، زەحمەتتر دەبێت! بێشک بوونی پەپوولەش هێمایەکە بۆ جوانی و بێگەردی، شاعیر لەم ئەرکە پێغەمبەرانەیەی خۆیدا بەگومان دەبێت و گومانەکانی هێندە زۆر و قورس دەبن، تاکو دەکاتە ئەو سنوورەی کە پرسیاربکات و بلێیت: ((ئەرێ مانگ / لەزەماوەندی جاویدانی زمان ودڵ / چ شەربەتێک دە خورێتەوە)) . ئەو زەماوەندی شاعیر بۆ زمان و دڵ گەرەکیەتی مانەوە و هەمیشەییە، بۆیە بەدگومانە

لەشەربەتەکەی، کە شەربەتی ڕاستگۆیی لەگەڵ زادەی ناوەوەی شاعیر خۆی، لەگشت شەربەتەکانی تر نەمرتر و مانەوەی زیاتر بەشیعر و تەمەن درێژی شاعیرەکە دەبەخشێت، شاعیر ئەمجارە ڕووی پرسیارەکانی بڵندتر دەکات و روو لە خودا دەکات و بە گومانەوە لەم بارەیەوە دەپرسێت: ((ئەرێ خودا بۆ تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژاردووە)).

خەڵوەتگەی پرسیارەکان و یاخیبوونی گومانەکانی شاعیر درێژتر دەبنەوە، بەهۆی ئەو گەڕانەی شاعیرەوە خوێنەر پەی بەوە دەبات، کە بە دوایی وەڵامە ونبووەکانەوە لە گەڕانێکی هەمیشەیی داین، لەناو پرسیارەکانیشدا هەست بە گومانبردنی میتۆلۆژی دەکرێت، لە پاڵ پرسیارە ونبووەکانیشدا پرسیارگەلی تر خۆیان مەلاش داون، بۆیە خەیاڵی شاعیر وەک سوپەرمانێک هەر بەئاسمانەوەیە پرسیار دەکات و دەڵێت: ((ئەرێ باڵندە بەئاسمانەوە چیت پێ دەڵێ)). هەمیشە خوێنەری وردبین و هۆشیار پەی بەوە دەبات، هەتاکو شاعیر زیاتر بگەڕێت گومانی زیاتری لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە گومانیشی لەلا گەڵاڵە بوو، گومانەکانیش بەسەر یەکەوە کەڵە کە دەبن و لە

دەرئەنجامی بەریەککەوتنیاندا پرسیار دەورووژێت و گومانەکانیش پرسیاردەکەن: ((لاپەڕە نووستووەکانی هەڵدەنەوە))، ((بەرد ئێسکی زەوییە)). لێرەدا دەمانەوێت ناوەوەی دەقەکە زیاتر هەڵبدەینەوە و بە دیدگەیەگی فراوانتر لێی بڕوانین، بۆیە ناشێت بەرد ئێسکی ڕاستەقینەی زەوی بێت، لە کاتێکدا کە شاخ و کێوەکان بوونیان لە زەویدا هەبێت، شاخ و کێوەکان ئێسکی ڕاستەقینەی زەوین، پێم وایە شاعیر بەوشەی (بەرد) فەزای دەقە شیعرییەکەی بچووک کردۆتەوە .

شاعیر واز لە پرسیار ناهێنێت، لەم سەفەری ژیانەیدا هەر سەرقاڵی گەڕانە، گومان دەبات و گومان دەهێنێت، گومان لە دەورو بەری دەکات، گومان لە ئاسمان و زەوی دەکات، گومان لە شیعر و وشە دەکات، گومان لە خەیاڵ و واقیع دەکات، لەپاڵ هەموو ئەم گومانانەشەوە دەپرسێت و ناگاتە وەڵامیش ! نازانیت و عەوداڵە بۆ زانین، کەی دەگاتە وێستگە ئەو گەڕانە ناچار شیعر پرسیاردەکات: ((ئەرێ بۆ بەس خودا دەزانێ بە هەشت لە کوێیە؟)). شاعیر پەرت و بڵاو و پەرتەوازە دەبێت، لەبەر بەدگومانی پرسیارەکانی بۆ کۆناکرێنەوە سەر یەک، کەئەمە پەخش بۆتە لە تەکنیکی

وێنە شیعریەکانی شاعیردا، کە هەست بەوە دەکرێت دروستکردنی وێنەی جێگیر و وێنە جوڵاوەکان، لە شیعرەکانیدا بەهۆی پاڵنانی وشە بە وشەوەیە، ئەم پەرتەوازەبوونەی شاعیر ناونیشانی کتێبە شیعرییەکەی (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) پڕشنگدارتر دەکات، وەک لە دەستپێکەوە ئاماژەمان پێیدا: مانشێتەکە پر بە ناوەڕۆکی کتێبەکەوەیە، ئاخر هەر لە ناونیشانەکەوە خوێنەر هەست حاڵەتی گومانگەریی دەکات، کە دوجار یش ئەم هەستە هەم لای شاعیر و هەمیش لای خوێنەر هەر بەو ئەندازەیەوە دەمێنێتەوە، کاتێک شاعیر لەم گەڕان و سوڕانەیدا بەئەندازەیەک بەنێو گومانەکانیدا پەرتەوازە دەبێت، کە پرسیارەکانی بۆ ناخرێنە سەریەک و بەناچاری هەموو پرسیار و گەڕان و گومانەکان بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت و خۆی ئامانەتی دوا پەیامی مرۆڤبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: ((لەماڵە کەی خۆتدا / ژوور و هەیوانێکم بۆ دانێ / ئەی خودا)) .

**لەکۆتاییدا :**

هەموو دەقێکی ئەدەبی شیاوی خوێندنەوەیە، کە دەقی ئەدەبیش خوێنرایەوە، شیاوی هەڵوستە لەسەر کردنە، کە دەقیش هەڵوەستەی لەسەر کرا، قابیلی ڕاڤەی جیاو هەڵوەشاندنەوە و قسە لەسەرکردنە، ماوەتەوە بڵێین کتێبە شیعری (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) شیاوی هەڵوەستەی زیاتر و قسەی جیاو بۆچوونی جیاوازترە، لێ ئێمە بەپێی خوێندنەوە و چێژ و تێڕوانینی خۆمانەوە لەبارەی پرسەکانی نووسین و چەمکی گومانگەریی و گەڕانی شاعیر و پرسیار و عەوداڵبوون بە شوێن وەڵامە ونبووەکان هەڵوەستەمان کردووە، کرانەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەقی زیندووش جار لە دوای جار ڕوانین و خوێندنەوەی جیاوازتر هەڵدەگرێت، لێ بەشێوەیەکی گشتگیر و کۆی قسە و لێدوانەکانمان شاعیر لە نێو چەمکی گومانگەریدا پرسیار دەکات و هەمیشە لە گەڕانە بە شوێن پرسیارەکانەوە .

**پەراوێز و سەرچاوە :**

*مردوویەک ئاگەی لە هەمووانە/شیعر _سەباح ڕەنجدەر/لەبڵاو کراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە _1039-چاپی یەکەم 2010

# دزینی وێنەی شیعریی

ڕەخنەی ئەدەبناسی خوڵقاندنی دەقێکی ترە، ئەوانەی وەها لەنووسینەکانیاندا ئاماژە بە ڕەخنەی ئەدەبناسی دەدەن، کە ڕەخنە بریتییە لە ڕەخنەی رووخێنەر و ڕەخنەی بنیاتنەر، هەمیشە نووسینەکانیان بخەنە بەر تیشکی گڵۆپی گومانەوە، ئاخر ڕەخنەی ڕاستەقینەی ئەدەبی هەموو ئەوانە ڕەتدەکاتەوە. بۆ بەرز ڕاگرتنی شیعرییەت و زێتر مانەوەی لە هزری خوێنەراندا ئەوە بەندە بەبنیاتنانی زمانی شیعرییەت و وێنەی ڕاستەقینە، تەکنیک لە وێنەی شیعرییدا، بینای شیعرەکە پتەوتر دەکات، هەموو وێنەیەک لاسایی کردنەوەی ئەو شتەیە کەوا لە هزرماندا هەیە، یاخود لە دەوروبەرماندایە و هەستی پێدەکەین، (شاعیر) هەیە توانای خەیاڵاندنی فیکری نوێی نییە، لە فیکری سواوی شاعیران و وێنەی حازر بەدەست کار دەکات و خۆی بە خەیاڵەکانی خۆیەوە ماندوو ناکات. لەکاتێکدا ژیان پڕە لە وێنەی سەیر و سەرنجراکێش و زۆرجاریش سواو،

که له دەرئەنجامی باگراوەندەکانی وێنەی کۆن و ڕاستەقینە و وێنەگەلی جیاواز دروستبوونە، دیارە تەکنیک لە وێنەی شیعرییدا هەمیشە لە بارگۆڕانێکی ناجێگیردایە و قۆناغەکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبووە، بۆ ئەوەی قسەکانمان جێگای گومان نەبێت، پێویستە ئاماژەیەکی بچووک بە وێنەی شیعریی شاعیرانی کۆن بدەین، کاتێک بە باڵاو جوانی دولبەرەکانیاندا هەڵگوتووە، هونەری لێکچوواندنییان پیادەکردووە، بۆ پتەوکردنی شیعرییەت، وەک: {چاوی وەکو ژێر پیاڵەیە، برۆی وەکو کەوانە، لووتی وەکو فنجانە، زووڵفی وەکو تاڤگەیە، دەمی دەڵێی خونچەیە، بەژنی دەڵێی شمشاڵە،...هتد}، ئەمە وەک لێکچواندن و هونەری {لێچوو} و {لەوچوو} و {ڕووی لێکچوواندن}، لێ وێنەگەلەکانی نێو شیعر هەمیشە بە پێی تێپەڕینی قۆناغەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، شاعیر ناشێت ئێستاش بەهەمان دیدگەوە تەفسیری وێنەکانی هزری بکات، دەشێت لە هەر وێنەیەکدا هەزاران وێنەی تر دروست بکرێت و هیچ یەکێکیشیان لە وەی تر نەچێت، تەواوی وێنەکانی دەورووبەرمان تابلۆی شیعرین و دەتوانین بییان کەینە

شیعر، وێنەگەلی نێو شیعر زۆرجار بارگاوی دەبێت بە خەونە ئەفسانەییەکانی شاعیریشەوە، بۆیە پێم وایە هەر چەند وێنەگەلی شیعریی بە دیدگەی فانتازیاوە لە دووڕیانەکانی هەقیقەت بڕوانێت، ئەوەند وێنەی شیعریی پتەوتر دەبێت، بۆیە بەپێی زۆری ڕاگەلەکان وێنە قسەیەکی قەتیسە، شیعریش وێنەکی بە گۆیە، شیعریی بێ وێنە، لەیەکەم خوێندنەوەدا مردنی خۆی لە لای خوێنەردا بەیان دەکات، نەبوونی وێنەی شیاو و گونجاو و ئیشکردن لە ڕەنگ و گەمەکردن بەدیوارەکان و تەکنیککاریدا لە ناجێگیربوونی ستایلی وێنەکان و چەند ڕەهەندێکی تر تایبەت بە چۆنیەتی نووسینی شێوازی شاعیرەوە، دواجار جیاوازی دروست دەکات، هەم لە نێوان قسەی ئاسایی و سادە، لەگەڵ شیعریی جوان و نەمر، هەمیش لە نێوان شاعیرانی تر و شیعریی تردا، ئەدۆنیس لای وایە: {زمانی ئاسایی زمانی ڕوونکردنەوەیە، لێ زمانی شیعر، زمانی ئاماژەیە، زمانی وێنەیە، شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بەزمانی ئاسایی ناگوترێن}، لێ پێم وایە تەنیا وێنە لە شیعردا بەس نییە، ئاخر زۆر شاعیرمان هەیە بەیەک ڕەنگ و بە یەک ستایل ئیش لە وێنە شیعرییەکانیاندا

دەکەن، کە ئەمەش تەمبەڵی و قوربانی نەدانی شاعیرەکان بەیان دەکەن ، ئەوەتە بەدەیان شاعیری کورد لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی فەرۆغی فەرۆخ زاد دا شیعر دەنووسن، چەندین قۆناغ بەسەر بڵاوبوونەوەی شیعری (وێرانە خاک)ی شاعیری ئینگلیزی ئیلیەت دا تێپەڕی و شاعیرانی ئینگلیزی نەیاندەتوانی خۆیان لە سێبەری ئەو چامە شیعرییەدا قووتار بکەن. ئەو شێوازە سادە و بێ گرێیەی کەوا ساڵانێکە دلاوەر قەرەداغی شاعیر کاری لەسەر دەکات، ئێستایش چەندین شاعیری تازە کەوتوونەتە نێو بازنەی کاریگەریی ئەو جۆرە ئیشکردنەوە، کە بەهەمان کەرستەی نووسین و شێوازی دەربڕین کاردەکەن. کاریگەریی هەر هەبووە و هەریش دەمێنێت، لێ پێم وایە دەبێت شاعیری جواننووس لەژێر کاریگەریشدا جیاوازی خۆی نیشان بدات و لەفەزاکانی ئەو کاریگەرییەتییەشدا تێبپەڕێنێت، چۆن وێنەکانی شیعریی بە بێ تەکنیک، جگە لە وێنەیەکی سواو هیچی تر دواجار بەجێناهێڵێن بەسەر هزری خوێنەرەوە، بۆیە ئەم جۆرە شیعرانە زوو لە هزری خوێنەردا کاڵدەبنەوە و نابنە جێگەی تێڕامان و مانەوە، ئیشکالیەتێکی تریش کە ئەمرۆ زۆر بە

زەقی دەبینرێت، نووسینی شیعرە، لە ژێر سێبەری وێنەکانی شاعیرێکی ترەوە، کە ئەمە ناچێتە قاڵبی کاریگەریشەوە، ئەمە دزینی وێنەی شیعرییە بە دارشتنەوەیەکی تر و لەژێر سێبەری ئەو دەقەدا دەنووسرێتەوە، خەریکە ئەم پەتایە بچێتە قۆناغی بە کولتووربوون لە ئەدەبیاتی کوردییدا، زۆرێک لەوانە بۆ ئەوەی ئاشکرانەبن و فێڵ لە خوێنەری شیعریی بکەن، هەمیشە سێبەرەکان دەگۆڕن و هەر ساتەوە لە سێبەری شاعیرێکەوە خەریکی دزینی وێنەی شیعرین.

* سوودێکی زۆرم لەوتارێکی خۆم بینیوە بەناوی (بارگۆڕانی تەکنیک و دزینی وێنەی شیعریی)، دەشێت کارکردنیش بێت لەهەناوی هەمان وتاردا.

# که ژنه شاعیرێک دەکوژرێت

**ئەی چەند بێ شەرمە مەرگ**
**ناهێڵێ تەواوی ژیان بنووسمەوە.**
**(بێگەرد حوسێن)**

نزیکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگۆشەی (وانێک)دا شتێکم لەبارەی شیعرەکانی بێگەرد حوسێنی شاعیر نووسی، لەو کاتەی کەوا بێگەرد حوسێنی شاعیر دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە، لە شەوێکی تاریک و ئارامدا ئەو پیاوەی کەوا مێردی بوو لە بۆسەیەکدا هێرشی دەخاتە سەر و چەندین چەقۆی لێدەدات و دەیکوژێت. شیعرەکانی بێگەرد حوسێن بۆنی مەرگیان لێدێت، دەشێت ببێژین مەرگ و رەشبینی بۆ ژیان بەسەر تەواوی شیعرەکانیەوە دیارە، رەنگە پیش مردن شاعیر پەی بەو نهێنی مردنە کردبێت، هەر بۆیەش ئەو راستییە لە شیعرەکانیدا رەنگییان داوەتەوە.

**بۆ پێش مردنم**

**تابووتی مەرگی خۆمم بینی.**

لە رۆژگارێک بێگەردم ناسی کە ژیان لە خۆشنودییەکانی خۆی نەزیفی کردبوو، لەنێو بەهارە شادییەکانیشیدا ئارەقەی خەمی لێدەتکا، لێ ئەم شاعیرە هەمیشە بەدەم خەندەوە و دڵێکی لێوانلێو لە ژیاندۆستی، ئەو هەمیشە دژی ئەو زەمەنەی دەوەستاو دەیگوت: نا! کەچی زەمەن هەر بە بەڵێ دەیبردەوە. ئاخر ئەوە گەواهیدەری واقیعی ژیانی شاعیرە کە ئامازەی بەوە داوە کە پێش مردنی تابووتی خۆی بینیوە. لەیادم نییە لە رێکەوتی چەند بوو، کە بێگەردی شاعیر خەریکی ریپۆرتاژێک بوو بۆ گۆڤاری (گوڵان) بەدەم ئەو تەوەرەوە ئەسپی قسەکانمان تاودا، تاکو گەیشتینە مەملەکەتی شیعر و چیرۆک و رەخنە، بێگەرد ئاماژەی بەوەدا کە کتێبێکی شیعری چاپکردووە بەناوی (ئەندێشەکانی بێگەرد) و دەیەوێت چاپی دووەمی بکاتەوە، لێ حەز دەکات بەرلە بڵاو بوونەوەی پێشەکییەکی بۆ بنووسم و شیعرەکانیش بە چاوی تێبینی و بۆچوونەوە بخوێنمەوە، دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی چەند رستەیەکی کورتم وەک پێشەکی بۆ نووسی، بۆیە چونکە

کەژاڵ ئەحمەد پێشەکییەکی بۆی نووسیبوو، بۆیە حەزم نەکرد منیش بۆی بنووسم، لەسەر وەختی خوێندنەوەی شیعرەکان بۆم دەرکەوت کە ئەم ناونیشانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە نییە، یاخود دەشێت ناونیشانێکی تر جوانتری بکات، بۆیە پێشنیاری ئەوەم کرد کە ناونیشانەکە بگۆڕێت بۆ (بۆنی سوتان) کە ناونیشانی شیعرێکی بوو.کوشتنی ژن بەبێ تاوان، کوشتنی ژیانە، لێ کوشتنی ژنی شاعیر کوشتنی هەردووک ژیانە. ژن هەمیشە قوربانی بارودۆخەکانی کۆمەڵگەی نێرسالارییە، ژن ئامێرێکە لەبەردەم تاقیکارییەکانی پیاودا. بۆ دەبێت ژن هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی مەرگ دابێت، بۆ دەبێت ژن تەنیا وەک جەستەیەک سەیر بکرێت. بێگەردیش هەمیشە بەدەم مەرگەوە پێدەکەنی و تاکە خەمی ئەوە بوو پرۆژە ئەدەبیەکانی تەواو بکات، شاعیری بوێر لەمەرگ ناترسێت و رووبەرووی دەبێتەوە، لێ ئەوەی بێگەرد حوسێن کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، لەدوای خۆی کچێکی بەناوی (کەژاڵ) بەجێ هێشت، کە کەژاڵی بچکۆڵەش لەبەر بینینی ئەو کارەساتەی دایکی باری تەندروستی تێکدەچێت و دواجار بەبێ کەسی و بەبێ

دایک و باوک سەر دەنێتەوە. بێگەردی شاعیر بۆنی مەرگ لەشیعرەکانیەوە دەهات، لێ بەبوێری باسی مەرگی دەکرد و سڵی لەمردن نەدەکردەوە، ئاخر سوکراتیش وەها لەمەرگی روانیوە: {هیچ کەسێک ئەگەر گەمژە و ترسنۆک نەبێت لە مەرگ ناترسێت، بەڵکو لەخراپە دەترسێت}. بەڵێ مەرگی کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان نەیهێشت تەواوی ژیان بنووسییەوە و چیرۆکێکی تریش لەپای شیعر بنووسی، تەواوی فیکرە شیعرییەکان و بۆچوونەکانی ناو هزرت بە چەقۆوە بوونە بڵقی سەر زەڵکاوی ئەو زەمەنە بۆگەنە، یاسا نەیتوانی ماف و ژیانت بۆ سنووردار بکات، حکوومەت نەیتوانی گیانی تۆ بپارێزێت. ئەوە نییە تۆش دەست نوێژی ئیلهامێکی تازەت شوشتووە و لەسەر بەرماڵی شیعردا ئیمانت بەو واقیعەتاڵە هێناوە و نووسیوتە:

**سپێدەی ئەو شەوە گونجاو نییە**
**بۆ کردنی ئارایشتم**
**چونکە ئاوێنە چریسکەی خەنجەری باوکمە و**
**مکیاژەکەشم**
**نووکی چەقۆی هاوسەرەکەم.**

**پەراوێز و سەرچاوە:**

*بۆنی سوتان - بێگەرد حوسێن - شیعر/ چاپی دووەم 2007 چاپخانەی منارە هەولێر.

# خوێنەر وەک بەشێکی پرۆسەی نووسین

ڕەخنەی ویژەیی ئیشکردنی زمانە لە پایە پڕ ڕەهەندەکانی زمانەوە، قسەیە لەبارەی قسەوە، بەمانایەکی ڕوونتر ڕەخنەی ویژەیی نووسینە لەبارەی نووسینی نووسینێکی ترەوە، لێ بەر لەوەی ڕەخنە هەرشتێک بێت، دواجار هەر ڕەخنەیە. دەلوێت ڕەخنەش هاوبەند بێت بەهەڵوێستەکانی مرۆڤبوونەوە، نووسینی ئەدەبی بە تەواوی ڕێگاکانیەوە لە هەڵوێستەکانی مرۆڤبوونەوە هەنگاو هەڵدێنێت، دەشێت ڕەخنەگر لە دەرئەنجامە گشتگیرییەکانی خوێندنەوەی قووڵ و چڕ و پڕ دروست ببێت، لێ نالوێت هەموو خوێنەرێک ڕەخنەگر بێت ، ئەوە خوێنەری جددی و هۆشیارە دەزانێت چۆنچۆنی بە نێو ئاسمانی فەزاکانی دەقدا سەما بکات، هەر بۆیە خوێنەران هەر زوو هەست بەوە دەکەن، کە لە ئەدەبیاتی کوردییدا ڕۆڵگێرانی کەسایەتییەکانی ناو بەرهەمگەلمان زیاتر لەبازنەی

یاخیگەریی و سۆزداریی و نامۆبوونی خود و چەند چەمکێکی تردا دەخولێنەوە.
خوێنەری هۆشیار لەبارەی ئەوشتانەوە قسە دەکات، کە لەبەرهەمەکەدا تیشکییان خراوەتەسەر، وەک چۆن ڕەخنەگر لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا ناتوانێت زێدەگۆیی بکات، جگە لەوەی لە کرۆکی دەقەکەدا بوونی هەیە، مەگەر دەقەکە لە فەزاکانیدا خۆی لێ بێدەنگ کردبێت، هەر بۆیە نالوێت بڕوا بەوە بهێنین کە شتێک هەبێت بەناوی ڕەخنەی زانستییەوە، تەنانەت ناشێت شتێک هەبێت بەناوی (ڕەخنەی کۆن) یاخود بەناوی (ڕەخنەی نوێ)، ڕەخنەی جوانبین وتەندروست هەمیشە بە وزەی مەعریفەتی خۆی نوێدەکاتەوە ، کە دواجار تەنیا هەر ڕەخنەشە، ڕۆلان بارت لە دیدی خۆیەوە بەیانی ئەوە دەکات ڕەخنە زانست نییە ، بەڵکو سەر و کاری لەگەڵ واتاکاندا هەیە و زانستی واتاکان پێک دێنێت، زانستی ڕەخنە، یاخود ڕەخنەی زانستی شتێک نییە وەک زانستێکی تەندروست لەناوەندەکانی فێرکارییەوە بدرێتەوە، ئەوەی کە هەیە تەنیا بیر و باوەڕی گەورە ئەدیبەکانە بۆتە سەرچاوە، کە دواجار ڕێبازەکانی ئەدەبیاتیشیان لێ دێتە بوون، ئاخر

چونکه ڕێبازەکانیش زادەی بیر و باوەڕن، جیاوازن، ئەوەتە (ئەرستۆ) لەبەر ئەوە بە مەزنترین ڕەخنەگری سەردەمی خۆی دادەنرێت، چونکە ڕێبازی ئەرستۆتالیسی هێنایە بوون و ئەم ڕێبازەی چەسپاندوو سەقامگیریی کرد، بۆیە پێم وایە سەرکەوتنی قۆناغێک بە سەر قۆناغێکی تر کارێکی سەختە، لە دیدگەیەشەوە ڕێبازە ئەدەبییەکانیش ئەرکییان زەحمەتتر دەبێت، ئەگەر دەقی شیعریی و شاعیربوون وەک نموونە وەربگرین، ئەوا شاعیری نوێخواز لەئەرکێکی زەحمەتدایە بۆ سبەی، لەڕووی هەڵزنان بە فانتازیای وشەکان و ڕۆناندنی بنیاتنانی شیعرییەتدا، کەوا بێت ئەرکی خوێنەری جددیشمان هەمیشە لە زەحمەتبوون دایە، شاعیر کاتێک دەنووسێت، نازانێت لە کام لە فەزاکانیدا خوێنەر پڕ چێش دەکات؟ شاعیری جاویدانیبوون و نوێخواز چاوەڕێی ئەوە ناکات، کە ئەو پەی پێبردووە، تەنانەت چاوەڕێی خوێنەری وەهاشی نەکردووە. خوێنەری جددی و راستەقینە عەشقی راستە قینەی کتێبە، ئەم پەیوەندی و حەز لێکردنەش لە دەرئەنجامەکاندا جوایەزی خوێنەرەکانیشی لێ بەرهەم دێت، کە بێگومان

ئەم پەیوەندی و حەزلێکردنە بەندە بە چێژی ناوەوەی دەقەکەوە.

شاعیران و نووسەرانی بەر لە ئەمڕۆ لە رووی هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان وئەرکی شیعرییەت ئەرکیان قورستربووە، لێ ئەمڕۆ لەڕووی تەکنیک و تازەگەرییەوە لە ئەرکێکی قورسدانە ، دەشێت وەهاش سەیری خوێنەربکرێت ، کە ئەویش هاوبەندە لە تەواو کردنی ئەم پرۆسەیە، لێ نابێت ئاماژە بەوە نەکەین کە جۆرێک لە نووسیندا هەیە، بە تەمو مژ وناروونی دەق و شتی لەم چەشنە لە ئەدەبیاتی کوردییدا ناوزەند کراوە (ئێمە بۆئەوەی دوور نەکەوینەوە، شیعرمان وەک نموونە وەرگرتبوو، کە شیعریش قسەیە ، قسەیەکی هونەری کوتکراوو چۆشدراو، دەکرا هەر هەمان قسە، قسەیەکی ڕووت بایە و هیچ هونەرێکی شیعرییەتی تێدا نەبایە)، زۆرێک بۆ داپۆشینی بینای شیعرییەتییان ، پەنا بۆ وشەی قەبە و بە تەمو مژکردنی ماناکان و بەرەڵایی سێکسی دەبەن، لێرەدا هەموو خوێنەرێک ناتوانێت بەو ئەرکەی خۆی هەڵبستێت، دەشێت هەست بەو جۆرە فێڵ کردنانە بکات، لێ ناشێت ئەمەش هەموو خوێنەرێک بگرێتەوە، مالارمێ هەڵوێستەکانی شاعیربوون و

ئیشکردنی لەپرۆسەی شیعر و کایەکانی نووسیندا وەها ڕاڤە کردووە (ئەدەب، کاریکی سیحر بازانەیە)، ئاخۆ مالارمێ مەبەستی لە سیحر بازانە ئەوەیە کە شاعیر بە سیحری فێڵکردن، خوێنەر بە هەڵەدا ببات و چەواشەی بکات، یاخود سیحر لای مالارمێ ئەو پەڕی جوانی و هەست کردنە بەو پەڕی خەیاڵ ، ئاخر ناشێت لەم دیدگەیەوە خوێنەری جددی بە دەست بهێنرێت و بەرهەمێکی ناوازەش بەرهەمبهێنرێت ، ئەو خوێنەرەی کە هەشە جگە لە چەند دەروێشێکی خەیاڵ بەستوو هیچیتر نییە، پۆل ڤالێری بەبێ ئەوەی سەر لە خوی و خوێنەری بشێوێنێت و هەر ساتەو لە ژێر سێبەری شاعیرێکی تردابێت، توانی شیعریی فەرەنسی بگەیەنێتە ئەو پەڕی ئاسۆ گەشە کانی داهێنان ، تەنانەت ڤالێری لەساڵی (1896) دا لە پرۆسەی نووسین دە وەستێت و هیچ شیعرێک بڵاو ناکاتەوە ، لەپڕ لە ساڵی (1917) دا چامە شیعریی (خواژنی قەدەر) بڵاو دەکاتەوە کە چوار ساڵ و نیو خەریکی نووسینی ئەم چامە شیعرەیە دەبێت ، شاعیرانی ئێمە دەبێت هەموو ساڵێک بەرهەمێک بخەنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، بەبێ ئەوەی جارێک لە خۆیان

بپرسن، بۆچی؟ (پەشێو)ی شاعیر بۆیە تائێستایش بەجوانی خۆی ماوەتەوە، چونکە بێدەنگی هەڵبژاردووە و نەیویستووە هەموو ساڵێک خۆی لە دەقە کانیدا دووبارە بکاتەوە، شێرکۆ بێکەس لە دوا دیوانیدا (هەست و نەست) کە گریمانەی ئەم ئیشکالیەتەیە ، خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە وێنە و ڕووداو گەل و پەیوەندی سروشت بەسەر مرۆڤەوە تاکو چەند خۆیان دووبارە کردۆتەوە ، تەنانەت لە رووی تەکنیکەوەش ، چەقبەستووی لە فەزاکانیدا ، هیچ جیاوازییەکی وەها نابینرێت لە گەل هەریەک لە بەرهەمەکانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک _تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین)، ئەم پەتا کوشندەیەی داهێنان بە ئەزموونی زۆرێک لە شاعیراندا بەدی دەکرێت، ئاخر ئیشکردن لە سەر فەزاگەلێک و رووداو گەلێک و وێنە گەلێک بە تەکنیکێکی چەقبەستووی و دووبارە، دواجار خوێنەرە تایبەتمەندەکانیش بێزار دەکات، کە ئەمە تەمبەڵی بیرکردنەوە و قوربانی نەدانی زیاتری شاعیر و زۆر لە خۆکردن بۆ پرۆسەی نووسین ، کە بەرهەمگەلی هەژاری وەهای لێدەکەوێتەوە، لێرەشەوە خوێنەری هۆشیار زوو هەست بەو حاڵە تانە دەکات، خۆ

ئەگەر دیوانە شیعریی ( لەتیف هەڵمەت) یش بخەینە بەر ڕۆشنایی ئەم بۆ چوونگەلە، هەست بەوە دەکەین کە لە ئەزموونی شیعرییەتی لەتیف هەڵمەتدا، جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆی کرد، پەلەکردنیش بە ئەزموونە شیعرییەکانیەوە دیارە .

# بەر لە مردن، قسەیەکی تر

مرۆڤەکان دەبێت لە تەواوی کایەکانی ژیانیاندا هەڵوێستیان هەبێت، ئاخر مرۆڤی بێ هەڵوێست و ویژدان مردوو بۆچی باشە؟ ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ پرۆسەی نووسینیش. کاتێک نووسەرێک خاوەن هەڵوێست نییە، نووسینەکانی هەمیشە جێگەی سەرنجی خوێنەران نییە و نووسەرێکی بێبایەخیشە. نووسەری بێ هەڵوێست، نووسەرێکی مردووە، بۆیە بەشێک لەم نووسەرانە کاتێک بەناوساڵەوە دەچن (تەمەنیان هەڵدەکشێت) خاوەن دیدگەی تایبەت بە خۆیان نابن، تەنانەت ئەم نووسەرانە نابنە خاوەن جیهانبینی تایبەت بە خۆیان، نووسەر دەبێت یاخی ببێت، ئاخر یاخیبوون مەرج نییە هەر لەلای کەسی چەوساوەوە بێت بەرامبەر بە کەسی زۆردار، دەشێت لەلای کەسێک دروست ببێت کە وەک بینەرە (تەماشاکار) سەیری ئەو چەوسانەوەیە دەکات. ئەوە جیا لە ئەرکی مرۆڤدۆستی و نووسەربوون، لە لایەنی ئیمانداریشەوە دواجار هەر وەها دەکەوێتەوە، ئەوەتە لە ئایینی ئیسلام و

له ئینجیلیشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە چیت بۆ خۆت پێ خۆشە، دەبێت وەهاش پێت خۆش بێت بۆ برای دیینیت، بە پێچەوانەشەوە. پێویستە لێرەدا ئەوەش بزاندرێت، کەوا چەمکی هەڵوێست لە چەمکی یاخیبوون جیا بکرێتەوە، چەمکی یاخیبوونیش لە چەمکی رقلێبوونەوە جیا بکرێنەوە . نووسەری جواننووس و خودان هێزی جاویدانیبوون پێویستی بە هەراو زەنای دەروێشەکانی دەورووبەری نییە، بەڵکو لەوپەڕی گۆشەگیرییەوە ئەوەی پێی شیاوی نووسینە، دەینووسێت. نووسەر بە یەک دوو پڕوپاگەندەی ڕۆژنامەگەریی، یانیش دوو نووسەری هاوڕێی بە تەمەنی لەدیمانەیەکدا ئاماژە بەناوەکەی بکەن نابێتە نووسەری جاویدانی، یاخود بەدەعوەتکردنی منەتباری بەنووسینێک لەبارەی دەقێکییەوە نابێتە دەنگێکی ڕاستەقینە،یان شاعیرێکی ڕاستەقینە. ئاخر نووسەری جواننووس گۆشەگیری و بێدەنگی پێ شیاوترە، لە هەراو زەنای وەها. من نامەوێت هیچ کەسێک ببێتە زووڕنا ژەنم، خۆشم نازانم زووڕنا بژەنم! تەنانەت سەر بەهیچ گروپ و فیکرەیەکی دیاریکراویش نیمە، من سەر بە فیکری خۆمم، سەر بەلایەنی وشەم، هەر هێزی وشەشە بەردەوامیم پێدەدات و

وزەی ئەم سەفەرەم زیاد دەکات. ئەگەر ئەدەب لە ڕۆحیەتی دەربڕاوی کۆمەڵگە لە دایک بوبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە وشەش هی ئادەمیزادە. ئیشی من ئەوەیە هەمیشە وشەم زیاتر خۆشتر بوێت، هەڵوێستم هەبێت تەنانەت لە نێوان وشەی گونجاو و وشەی نەگونجاو، لە پرۆسەی نووسیندا وشە وزەی بەردەوامی زمانی نووسینە، تەواوی نووسینەکانی ئەدەبیاتیش بەرلەوەی لێپرسینەوە بێت، ئەخلاقە! من کارم بەو نووسەرانەوە نییە، کە باسی بێ ئەخلاقی مرۆیی و بەرەڵایی پرۆسەی سێکسی دەکەن و دواجار ئەخلاق و سێکسییان پێ ناشیرینە. ئەوانە لای من جوانی خۆیان هەیە، قەت گەرەکم نییە لەو ڕوانگەوە خوێنەر ڕاوبکەم، خوێنەر لای من ئەو بەشە تەواو نەکراوەی ناو نووسینە کە خۆم پێم  تەواو نەبووەو نابێت. تەنانەت خوێنەر زۆر لەوە گەورەترە لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە کاری بازرگانییان پێوە بکەم. کارم بەوە نییە کێ نووسینەکانم دەخوێنێتەوە؟ لێ هەمیشە حورمەتم بۆ ئەو خوێنەرە هەیە کە دەمخوێنێتەوە، بۆ ئەوە نانووسم هیچ کەسێک پەست بکەم، لە بیری هیچ کەسێکی دیاریکراویشدا نییمە. نووسین لە دیدگەی منەوە بۆ تاکە

کەسێک نییە، بەڵکو لە تاکە کەسێکەوەیە بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.
نووسەری بێ سێبەرو ڕەخنەگری جوانبین و ڕاستەقینە چۆک دانانێت لەبەردەم هیچ ڕژێم ودەسەڵاتێکی سیاسیدا، تەنانەت لە کاتی بارگرژییە سیاسی و کولتووریەکانیشدا پێنووسەکەی ناخاتە پاڵ بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی خۆیەوە، بەڵکو لەپەنجەرەی ڕای گشتییەوە سەیری هەلومەرجەکان دەکات بۆ ئەوەی بەو پەڕی ڕاستگۆیی و دوور لە سێبەرەکان بنووسێت، هەڵوێستەکانی دەخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتمەندییەکانییەوە. لەناو بەرژەوەندی گشتی گەل، بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەبینێتەوە، لەپێناوی زیاتر خۆشگوزەرانی ژیانیدا ویژدانی خۆی لەسەر سەکۆی بەرژەوەندی هەراج ناکات، ئاخر نووسەر کە ویژدانی نەما، بەرلە هەمووشت هەڵوێستی دەمرێت، کە هەڵوێستیشی مرد مرۆڤبوونی خۆی لە بیر دەچێتەوە. بۆیە ئەرکی نووسەر بە تەنها هەر بریتی نییە لە نووسین! هەڵوێستیشە. هەڵوێستیش سەرچاوەکەی بریتییە لە جوانترکردنی ژیان، بەهەمان شێوە ئەرکی شاعیر تەنها نووسینی شیعر نییە، وەک شیعری ڕووت! ئاخر شیعریش

دەبێت بارگاوی بکرێت بە فیکری شاعیر. شاعیر بۆ جوانتر کردنی ژیان و ئەو واقیعە تاڵ و ڕەشانەی کەوا لە دەوروبەریدا هەستیان پێدەکات دەنووسێت، کەوایە ناشێت شاعیر لە بەردەم کوشتندا بێدەنگ بێت و نەقەی نووسینی نەیێت. بەشێک لە وانەی کە لەبارەی هەڵوێستی نووسەربوون و ئەرکی پرۆسەی نووسین دەنووسن، لە چەند گۆشەنیگەی تایبەت و هەستپێکراو سەیری ئەم ڕەهەندە قووڵە دەکەن، ئاخر لە تەواوی هەڵوێستەکانیش هەڵوێستگەلی تر ئامادەییان هەیە، تەنانەت شێوازگەلی جیاوازیش لەبارەی هەڵوێست وەرگرتن ئامادەیی هەیە، ناشێت شاعیر سێبەر بێت، ئاخر شاعیر سێبەر نییە، شاعیر دەمامکی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیی ناخانە سەر دەم و چاوی نووسینی، ئەوە ئەرکی ئەدیبە بە ڕەش بڵێت: ڕەش و بە سپیش بڵێت: سپی!، من بە گومانم لە تێکەڵبوونی ڕەش و سپی، گومانم هەیە لە ڕەنگەکان، زۆر بە گومانم تاکو ئەو سنوورەی کە نووسەرەکانیش تێکەڵبوونە، ئاخر دەمامکەکانی ئەدیبان شێوازگەلی جیاوازییان هەیە، زۆربەیان لە دەمامکەکانیان لەنووسیندا پۆشیوە، هەیانە لە ڕووخسار و هەڵسوکەوت، هەیانە ڕەفتار و کردار، هەیانە

له قسه وگفتوگۆ، دەمامکەکان زۆرن، دەمامکەکان جیاوازن، دەمامکەکان ڕەنگاو ڕەنگن.
جان ئاپدایک لە دیمانەیەکدا ئاماژە بە هەقیقەتی نووسین دەدات و دەڵێت: ((نووسین جیهان بە شێوەیەکی هەقیقەتتر و ڕاستتر دەخاتە بەرچاوم))، دەپرسم ئایا ئەرکی نووسەر نیشاندانی دیوە شاردراوەکان و ڕاستییەکان نییە بە خەڵک ؟ یاخود شاردنەوەی ڕاستییەکان و سەرلێشواندنی خەڵک؟ ئایا پرۆسەی نووسین بەرپرسیاریەتی و جوانبینی و هەڵوێستی لێ سندرێتەوە، چی تری تێدا دەمێنێتەوە؟ ئەدیبی بێ دەمامک سەیری شەقامی گەمە سیاسییانە ناکات، بەڵکو بۆیان دەڕوات و بەشدار دەبێت. ئازادی لەدایک نابێت، ئازادی شتێکی خۆڕسک نییە، ئازادی دەبێت بۆی بچی و هەوڵی جددی و ڕاستەقینەی بۆ بدرێت، کارەساتە هەر کۆمەڵگەیەک چاوەڕێی ئازادی بکات، ئەدیب دەبێت هەوڵی ڕاستە ڕێکردنی ئاراستەکانی ئازادی بدات.